ئەندازیاران

بەردەوام دەبین لە پێناوی گەیشتن بە ئایندە

ڕێکخستنی بابەتەکان پەیوەستە بە دیزاینی هونەری کۆڤارەوە

ساڵی دوانزەهەم هاوینی ٢٠١٤ ژمارە (٤٩)

بەپێی مۆڵەتی ژمارە ٣٥ لە ٢٦ـ١ـ٢٠١٠ی سەندیکای ڕۆژنامەنوسی کوردستان دەردەچێت

ناوەڕۆک

هەواڵ و چالاکی	لاپەرە ٢
پیشەسازی پترۆکیمیاویات لە کوردستاندا	لاپەرە ٤
دروستکردنی ڕێگای ئەسفەلتی و ئەنجامدانی پشکنینی تاقیگەیی بۆ هەڵسەنگاندنی خاک، ئەگریگەیت و قیر	لاپەرە ٩
فرینی چاروکەیی	لاپەرە ٢٢
بەسەرکردنەوە (بەڕێوەبەری گشتی پڕۆژەی گۆڕینی خۆڵ و خاشاک بۆ ووزە)	لاپەرە ٣١
چاو پێکەوتن (علی اورحمان صالح)	لاپەرە ٣٤
پیس بوونی ژینگەو ئەرکی ئەندازیاران لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا	لاپەرە ٣٧
ڕیپۆرتاژ (پڕۆژەی بەرزاییەکانی سلێمانی)	لاپەرە ٤٤
بۆ زاخاوی میشک	لاپەرە ٤٨
معالجة المياه المستخدمة فى المحطات البخارية	لاپەرە ٥٩
ما هى البيوت الذكية ؟؟؟	لاپەرە ٦٦
الطاقة المتجددة	لاپەرە ٦٩
أثر تنظيم وتقييس المعلومات البنائية على دقة التنفيذ	لاپەرە ٧٤
پلە بەرزکردنەوە	لاپەرە ٨٩

خاوەنی ئیمتیاز

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

سەرنوسەر

ئەندازیار/ نەوزاد عوسمان
(نەوزادی موهەندیس)

nawzad_mohandis@yahoo.com

ژم: 07710251171

ژم: 07501047235

ناونیشان

سلێمانی / شەقامی سالم
بارەگای یەکێتی
ئەندازیارانی کوردستان
ژمارەی تلفون : ٣٢٠٨٨٠٨

www.keu92.org

نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆک

ڕێبین حمە غریب

rebeeng2002@yahoo.com

www.facebook.com/rebeen79

چاپخانە

نۆفەمبەر

هەواڵ و چالاکی

● لەبەر ڕۆشنایی مادەکانی (نضام مكاتب الهندسية)ی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ کە پەسەندکراوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان مۆڵەتی کارکردنی بەم نوسینگە ئەندازیارایانە داوە:

١. نوسینگەی ئەندازیاری (هێزی تەلارساز) بۆ ئەندازیار (هێز فاروق عبدالله) بە ژمارە مۆڵەتی (١٩٢) لە بەرواری ٢٠١٤/٨/١١دا.

● لەبەرواری ٢٠١٤/٧/١٥دا ڕۆژی سێشەممە نوێنەرانی کۆمپانیای زانڕەو خاتوو (لارا فتاح) سەردانی بارەکای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانی کرد، بەمەبەستی هەمئاهەنگی دروستکردن لە نێوان یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و کۆمپانیای لافارجی فەڕەنسیدا و بەتایبەتیش لەبواری بەرهەمهێنانی چیمەنتۆدا کە لە ئێستادا کارگەیەکی بەرهەمهێنی چیمەنتۆیان هەیە لە سلێمانی ناوچەی بازیان و بەڵێنیاندا کە لە سازدانی کۆڕ و سیمینارە زانستیەکاندا هاوکارییەکتر بکەن.کە لە ئێستادا بەرهەمێکی نوێی چیمەنتۆیان خستۆتە بازاڕەوە بەناوی (کەرەستە). کە ئەمە سیفاتە باشەکانی ئەو جۆرەی چیمەنتۆیە.

پیرۆزبایی

بەبۆنەی
هاتنەوەی جەژنی قوربانی پیرۆز و
سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی قارەمانەوە

گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم
گەلەکەمان بەگشتی و بەتایبەتیش نەندازیارانی
ئازیز دەکەین و خوازیارین کە هەموو رۆژێکیان هەر
جەژن و خۆشی و شادی بێت و کورد و کوردستانیش
لە جەنگ و بەلای کۆنەپەرستان و تیرۆریستانی
داعش و هاوشێوەکانیان پارێزراو بێت و پێشمەرگە
قارەمانەکانیشمان لەبەردەی جەنگدا وەرە بەرز و پۆلاین
بن و وەک هەمیشە پارێزەر و بەرگریکارێکی دڵسۆزو
سەرسەختی کوردایەتی بن و ئێمەش هەموومان لە

پێناو پاراستنی دەسکەوتەکانی کوردایەتیدا ببینە
پێشمەرگە و کورد و کوردستان بپارێزین ....

دووبارە پیرۆز بێت .....

گۆڤاری نەندازیاران

پیشەسازی پترۆکیمیاویات لە کوردستاندا...

ئەندازیاری شارەزا
نەوزاد عوسمان عبدالرحمن
بەڕێوەبەری کارگەی جگەرەو پوختەکردن و
ترشاندنی تووتن لە سلێمانی
nawzad_mohandis@yahoo.com

پێشەکی:

پیشەسازی پترۆکیمیاویات دادەنرێت بە پایەیەکی گرنگی ئابوری جیهان ، گرنگیەکی گەورەشی هەیە بۆ وڵاتی خاوەن نەوت و غازی سروشتی وەک ئامانجێکی ستراتیژی گرنگ بۆ زیادکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوەیی و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە شێوەیەکی ڕەها لەسەر هەناردەکردنی نەوتی خاو. هەر ئەمەش وادەکات کە لە دوورمەودادا کاریگەری هەبێت لەسەر دڵنیابوون لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکانی گەشەکردن.ئەم پیشەسازیە دادەنرێت لە :

- پیشەسازیە گەورەکان.
- پێویستی بە وەبەرهێنانی گەورە هەیە.
- تێچووی یەکەکان بەرزە.
- تێچووی دامەزراوەکان بەرزە.
- تەکنەلۆژیای پێشکەوتوی تیادا بەکاردەهێنرێت کە دەبنە هۆی داهاتی زۆری ئابوری کە نرخەکانیان لە نرخی نەوتی خاو بەرزترە . بەشێوەیەک کە دەگاتە:

١. ٧ ئەوەندە بۆ پترۆکیمیاویاتە بنچینەییەکان.
٢. ١٠-١٠٠ ئەوەندە بۆ پترۆکیمیاویاتە ناوەنجیەکان.
٣. ٣٠-٥٠٠ ئەوەندە بۆ پترۆکیمیاویاتە کۆتاییەکان.

پترۆکیمیاویات چییە؟

بەشێوەیەکی گشتی دەناسرێت بەوەی کە بریتیە لە کیمیاویات یان بەرهەمی دروستکراو لە نەوت یان غازی سروشتی کە ئەمانەش بریتین لە کەرەسەی سەرەکی بۆ پیشەسازی کیمیاوی ئەندامی قورس لەگەڵ هاوبەشیکردنێکی زۆر کەمی خەڵوز،و سەرچاوەکانی بارستە زیندوەکان لەکاتی ئێستادا. ئەوەی تێبینی دەکرێت کە نەوت ئەو توخمە ئابوریە سەیروسەمەرەیەیە کە بە ئاڵتونی ڕەش ناودەبرێت. ڕۆڵێکی بێوێنە دەگێڕێت لە جیهانی ئەمڕۆماندا.گەر بیهێنینە بەرچاوی خۆمان کە هەموو ئەو کەرەسانەی کە لەنەوت دروستدەکرێن لە دەوروبەرماندا نەمێنن، ئەوا هەموو ئۆتۆمبێل و فڕۆکە و ..هتد. لە هۆکارەکانی گواستنەوە و دواتر وێسگەکانی کارەبا و پەینەکان و پیتێنەرەکان و کیمیاویاتە زۆرەکان لە داوودەرمان و جلوبەرگ و پێڵاو و هەزارەها توخمی سەردەمی تر کە بونەتە پێداویستی سەردەمەکە هەموانیان وندەبن و نامێنن.

پیشەسازی پترۆکیمیاویات بەشێوەیەکی بەرفراوان پشت دەبەستێتە سەر سەرچاوە سروشتیەکان لە نەوت و غازی سروشتی و هەموو بەرهەمە پترۆکیمیاویەکان پلەی یەکەم دەگرن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

هەروەها هۆکارە بۆ پێشکەوتنی پیشەسازیەکانی تریش. ئەم پیشەسازیە لە وڵاتە پیشەسازیەکانەوە سەریهەڵدا وەک ئەمریکا و یابان و وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا و لەسەروو هەموشیانەوە ئەڵمانیاو بەریتانیاو فەرەنسا و ئیتالیا .ئەم وڵاتانە گرنگیەکی گەورەیان دایە پیشەسازی پترۆکیمیاویات و بەستیانەوە بە زنجیرەیەک پیشەسازی تر.وەک پیشەسازی هۆکارەکانی گواستنەوەی وشکانی و ئاسمانی و دەریایی و پیشەسازی ئەلکترۆنیات و خۆراکی و جلوبەرگ و ...هتد.

❖ پێکهاتەی پەیکەری پترۆکیمیاویات

یەکەم // پترۆکیمیاویاتە بنچینەییەکان : کە لە کۆمەڵێک تێکەڵە پێکدێن گرنگترینیان:-

١. ئۆلیفینات : بریتیە لە کۆمەڵێکی ناتێر لە توخمی هایدرۆکاربۆنی و لەگرنگترینیان :-

❖ ئەپیلین و دروستکراوەکانی :H2C=CH2، ئەپیلین دادەنرێت لە گرنگترین توخمە پترۆکیمیاویاتە بنچینەییەکان و لە هەموشیان زیاتر بەرهەم دەهێنرێت لە جیهاندا .توخمی ئەپیلین بەکاردێت لەبەرهەمهێنانی گەلێک لە بەرهەمەکانی پترۆکیمیاویات و گرنگترینیان:-



١. لەدائنی ئەپیلین (پۆلی ئەپیلین) کە بەکاردێت لە بەرهەمهێنانی بۆری ئاو و فلیمەکان و توخمی تێگرتن و پێچانەوە و کەلوپەلی ناومالّی پلاستیکی و قاپ و قاچاغ و کەوچک و چەتاڵ و ... خانوی پلاستیکی و قوفڵەکان و یاری منداڵان.ئەپیلین لە ئێستادا بەهۆی شکاندنی گەرمی



هایدرۆکاربۆنەکانەوە بەرهەم دێت لە کورە شێوە بۆریەکاندا کە لەدەرەوە گەرم دەکرێت و هەروەها لە هەڵگیراوی نەفپای کەم کبریتیشەوە بەرهەم دێت.

٢. پۆلی فینیل کلۆراید PVC

توخمی PVC لە توخمە کیمیاویە زۆر بڵاوەکانە لە جیهاندا. کە بە بەرگریکردنی لە توخمی کیمیاوی و گڕگرتن و داخوران و کاریگەریە کەش و هەواییەکان و دابڕانی گەرمی و کەمی بۆشایی غازەکان دەناسرێت. گرنگترین ئەو بەرهەمانەی کەلە PVC وە دەست دەکەون بریتین لە :



❖ پیشەسازیە پێستەییەکان : پێستەی دروستکراو.

❖ کەرتی ناومالّ: کەلوپەلی ناو حەمام و ڕاخەرە پلاستیکیەکان.

❖ کەرتی بەکارهێنان : یاری منداڵان و پێڵاو و پارێزەرەکان.

❖ کەرتی گواستنەوە و گەیاندن : بەشە پلاستیکیەکانی ئۆتۆمبێل.

❖ کەرتی بیناکردن : بۆری ئاو و ئاوەڕۆ و لولە و کاشی پلاستیکی و پاکەتی داوودەرمان و زەیت و جوانکاری و شوشەی ئاوی کانزایی.

❖ کەرتی خانوبەرە: دروستکردنی دەرگا و پەنجەرە و پارچەکانی نێوان ژوورەکان و کەلوپەلی دیکۆر.

٣. ئەپیلین گلایکۆڵ : بەکاردێت وەک :-

ڕێگرێک لەبەردەم بەستنی شلە تێکەڵەکان تیایدا، هەربۆیە لەو وڵاتانەدا بەکاردێت کە پلەی گەرما تیایاندا دادەبەزێت بۆ ژێر سفر وەک ئەوروپا و ئەمریکای باکور و ڕوسیا. بەشێوەیەک تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ ئاوی ڕادیێتەری ئۆتۆمبێلەکاندا ((ئەنتی فرێز)) .هەروەها دەچێتە بەرهەمهێنانی یەکانە و دوانە و سیانەی گلایکۆڵی ئەپیلین

بە شیکردنەوەی ئۆکسیدی ئەپیلین لەناو ئاودا لە ژێر پلەی گەرمای ٧٠پلەی سەدی و فشاری هەوادا ئەجام دەدرێت.

٢. پرۆپیلین و دروستکراوەکانی:

توخمی پرۆپیلین بە دووەم توخمی گرنگ دادەنرێت لە پترۆکیمیاویاتدا لە دوای ئەپیلینەوە، هەروەها لە ڕووی قەوارەی بەرهەمیشەوە هەر بە دووەم توخم دادەنرێت لە هەموو وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواو ئەمریکادا. گرنگی پرۆپیلین وەک توخمێکی پترۆکیمیاوی دەردەکەوێت لە میانەی توخمە پترۆکیمیاویە ناوەنجی و کۆتاییەکانەوە. توخمی پرۆپیلین بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی زۆرێک لە بەرهەمە پترۆکیمیاویەکان لەوانە:



- سیلۆڤان
- پیشەسازی بۆیەکان وەک ئیبۆکسی
- بەرهەمهێنانی تویەنەرەوەکان وەک ئەسیتۆن
- پیشەسازیەکانی ڕستن و چنین: وەک ڕیشاڵەکان و داوەکانی پۆلی پرۆپیلین و داوی ئەکریلیک و داوی نایلۆن و پیشەسازیەکانی بەرهەمە پلاستیکیەکان و ئیسفنجی پیشەسازی وەک پۆلی پرۆپیلین و فایبەرگلاس.
- کەلوپەلی ناومالّی : قاپ و قاچاغ و صۆندەی ئاو .
- کەلوپەلی یەدەگی ئۆتۆمبیل و صندوقی پاتری ئۆتۆمبیلەکان.
- صندوقی شوشەی ئاوی کانزایی.
- شوشەی کەلوپەلی جوانکاریەکان.
- پارچەی ئەلمنیۆم کە بەکاردێت بۆ هەلّگرتنی خواردەمەنیەکان.

٣. بیوتادایین و دروستکراوەکانی:

دروستدەکرێت یان لە کحولی ئەپیلی یان لە ئەپیلین یان لە بیوتان.بەشێوەیەک بەرهەمهێنانی بیوتادایین لە ئەپیلینەوە زیاتر ئابوریترە کە بەکرداری پەلمەرەکردنی ئەپیلین دەگوڕێت بۆ بیوتایلین دوای کرداری لێکردنەوەی هایدرۆجین یان کرداری لێدەرکردنی هایدرۆجین لە بیوتان ڕووەدات بۆ دەستخستنی بیوتادایین.

لە پیشەسازیدا بۆ دەستخستنی زۆربەی بیوتادایین بەکرداری لێکردنەوەی هەلّکەندنی هایدرۆجین لە بیوتایلینی سروشتیەوە دەستدەکەوێت. کە بەرهەم دێت لە ئەنجامی شکاندنی گەرمی بۆ ئەو هایدرۆکاربۆنانە دەبێت کە کێشی گەردییان بەرزە، یان بەهۆی لێکردنەوەی هایدرۆجین لە بیوتانی سروشتیn-butane.ئەم کردارەش جێبەجێدەکرێت بە یەک قۆناغ بەسەر چینە جێگیر یان شلەکاندا. بەکاردێت لە بەرهەمهێنانی مەتاتی دروستکراو و کەلوپەلی پلاستیکیدا.

❖ بۆنداوەکان

کە بەنزین و تۆلۆوین و زایلین دەگرێتەوە کە بەکاردێن بۆ دەستخستنی توخمی پترۆکیمیاویاتی ناوەنجی و کۆتایی کە گرنگترینیان:

بەرهەمی تۆلۆوینە کە بەکاردێت لە بەرهەمهێنانی توخمی سیانە نیترۆ تۆلۆوین کە بەکاردێت لە پیشەسازی تەقەمەنیەکاندا TNT کە توخمێکە زوو دەتەقێتەوە. کە لەکارلێکی تۆلۆوین (مە ثیلی بەنزین) لەگەڵ ترشی نیتریک و کبریتیکی خەستەوە بەرهەم دێت.کە بەهێمای TNTدەناسرێتەوە.کە بەکاردێت لە دروستکردنی بۆمب و جۆرەها تەقەمەنی و درەنگ لە ئاودا دەتوێتەوە و لە بەنزین و تۆلۆوین و ئەسیتۆندا بەخێرایی دەتوێتەوەو لە ساڵی ١٨٦٣دا دۆزراوەتەوە.هەروەها ئەم توخمە دەچێتە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی فایبەرگلاسەوە، کە ئەویش دەچێتە زۆرێک لە پیشەسازیەکانی وەک خەزاناتی ئاو و هەندێ بەشی ئۆتۆمبیلەوە.

❖ کحولەکان

میپانۆڵ و بەکارهێنانەکانی :-

❖ بەرهەمهێنانی فۆرماڵدیهاید:

کە بەزۆری بەکاردێت بۆ مەبەستی پزیشکی و کارگە جیاوازەکان،فۆرماڵدیهاید توخمێکی ژەهراوی و لەناوبەری دەمارەکانە و توخمێکی سەرەتانیشە.

❖ بەرهەمهێنانی توخمی مەپیل سیانەی بیوتیل ئیپەر MTBE :

کە بەکاردێت بۆ بەرزکردنەوەی ژمارە ئۆکتانی بەنزین بۆ ئاستی پێویست بەبێ بەکارهێنانی پێکهاتەی ڕەصاص کە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ژینگە و بەتایبەتیش لەسەر

تەندروستی مرۆڤ. کە دەبێتە هۆی شەلەلی دەماخی منداڵ کە ژەهرێکی کانزاییە.

❖ بەرهەمهێنانی هەندێ لە توێنەرەوە و بۆیەکان:

میپانۆڵ لە غازی تشیدەوە لەساڵی ١٩٢٣ وە تاکو ئێستا بەهەمان ڕێگا بەرهەم دێت. کارگەکانی میپانۆڵ هەمیشە لە تەنیشت کارگەکانی یۆریاوە دەبێت لەبەرئەوەی کارگەکانی میپانۆڵ،دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەکاردەهێنێت کە بەرهەم دێت بەڕێگەی هابەر بۆ ئامۆنیا.

❖ ئیثانۆڵ:

بەکاردێت وەک توێنەرەوە لە بەرهەمهێنانی داوودەرمان و بۆن و بۆیەکان و پاکژکەرەوەکان و ترشی خەلیک و .... هتد.

❖ پرۆسەی چارەسەرکردن لە پیشەسازیەکانی پترۆکیمیاویاتدا:

پیشەسازیە پترۆکیمیاویەکان دادەنرێن بە پرۆسەی بەرهەمهێنان ،دەستپێدەکات بە توخمی سەرەتایی بۆ دەستخستنی بەرهەمە ناوەنجییەکان و مۆنۆمێترات بۆ پیشەسازی پلاستیک و لەدائن و ڕیشاڵە دروستکراوەکان. ڕێوشوێنە خۆپارێزییەکان بۆ ڕێکخستنی پیسبوون لە پیشەسازیە پترۆکیمیاویەکاندا کە پەیوەندیدارە بە کارگە بەرهەمهێنەکانەوە،کە ئەم پیشەسازیانە دەگرێتەوە:

١. پێکهاتە نایترۆجینیەکان.
٢. کانزا قورسەکان.
٣. توخمە ئەندامیەکان کە شینابنەوە.

❖ ڕێگاکانی چارەسەرکردنی پیسبوون لە پیشەسازی پترۆکیمیاویەکاندا:

یەکەم // یەکە ناوەندیەکان بۆ چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆکان:

١. جیاکردنەوەی توخمە ڕەقە هەڵواسراوەکان.
٢. دابەزینی ئۆکسجینی زیندووی هەڵمژێنراو.
٣. پاڵاوتنی کۆتایی و کلۆرکردن.
٤. خۆڕزگارکردن لە پاشەڕۆکان.

دووەم// ڕێگەی تەکنیکی لەسنوری پیلدا: ئەم ڕێگایانە دەگرێتەوە:

١. سەرئاوخستن.
٢. شیکردنەوەی گەرمی.
٣. ئەکسەدەکردنی تەڕ.
٤. دەرکردنە دەرەوە.

❖ پۆلیمەرە دروستکراوەکان و ژینگە:

لە ئەنجامی پێشکەوتنی گەورەی پیشەسازیدا.پۆلیمەرە دروستکراوەکان جێگەی گەلێک لە توخم و ڕیشاڵە سروشتیەکانیان گرتۆتەوە وەک تەختە و کانزاکان و لۆکە، ئەوەش بەهۆی سیفاتە چاکەکانیانەوە لە پیشەسازی و بەکارهێنانی ناوماڵدا.بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و بە تایبەتیش لەم ٣٠ ساڵەی دواییدا، کێشە و گرفتی ژینگەیی مەترسیدار سەریان هەڵدا. ئەویش بریتیە لەوەی کە پاشەڕۆ پلاستیکی و پۆلیمەرەکان بەشێوەیەکی گشتی ناتوانرێت خۆیان لێڕزگاربکرێت، چونکە توانای شیبونەوەی ئەندامیان نیە. دوای لە چاڵنانیشی هەر دەمێنێتەوە و بەمەش ئەو ڕووبەرانە بەبەردەوام ڕوو لە زیادبوون دەکەن کە بەکاردەهێنرێن بۆ شاردنەوەی ئەو پاشەڕۆیانە. لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتوە کە پلاستیک ڕێژەی ١٠٪ ی هەموو پاشەڕۆکانی شارەکان پێکدێنێت. کە پلاستیک بۆخۆی بە ئاسانی دروستدەکرێت و بنچینەکەی پێکهاتەی کیمیاویە و لەنەوتەوە دەستدەخرێت.

❖ کێشەی زۆربوونی پاشەڕۆ و سەختی لەناوبردنیان و کاریگەریە خراپەکانی لەسەر ژینگە، بوە هۆی زیادبوونی هۆشیاری ژینگەیی و سەرهەڵدانی گرنگیپێدانی جیهانی بەم کێشەیە و هەوڵدان بۆ گەڕان بەدوای چارەسەر و کەمکردنەوەی کاریگەریە خراپەکانی بە تایبەتی کەڵەکەبوونی پاشەڕۆ پلاستیکیەکان.

چەمکی نوێی چارەسەری پاشەڕۆکان بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک جێگرەوە لەخۆ دەگرێت گرنگترینیان:

١. کەمکردنەوەی قەوارە Reduction

مەبەست لێی کەمکردنەوەی بڕی توخمی خاوی بەکارهاتوە، بەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پاشەڕۆ و ئەم کارەش جێبەجێدەکرێت لە ڕێگەی:

❖ یان بە بەکارهێنانی مەوادی خاوی کەمتر.
❖یان بە بەکارهێنانی مەوادی خاو کە پاشەڕۆی کەمتر دەدات.
❖یان بە ڕێگەی کەمکردنەوەی مەوادی بەکارهاتوو لە

پرۆسەکانی لە پاکەتنان و پێچانەوەدا.

٢. دووبارە دروستکردنەوە Recycling

بریتیە لە دووبارە دروستکردن و بەکارهێنانەوەی پاشەڕۆکان، جا ناوماڵی بێت یان پیشەسازی و کشتوکاڵی بێت.ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئەو پاشەڕۆیانە لەسەر ژینگە. ئەم کردارەش لە ڕێگەی پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی پاشەڕۆکان دەبێت لەسەر بنچینەی توخمی خاوی هەبوو تیایدا و دواتر دروستکردنەوەی هەر توخمێک بە جیا. بیرۆکەی دووبارە دروستکردنەوە لە کاتی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیەوە سەریهەڵداوە، بەهۆی پێویستی هەندێ وڵاتەوە بۆ هەندێ توخم وەک مەتات. ئەمەش هانیدان بۆ کۆکردنەوەی پاشەڕۆکان و دووبارە بەکارهێنانەوەیان.

❖ ئەو پاشەڕۆیانەی کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێنەوە:

١. کاغەز: کاغەزی ڕۆژنامە و کتێب و کارتۆن و ....هتد.

٢. شوشە: بوتڵی شوشە، پارچەی شکاوی شوشە،...هتد.

٣. ئەلەمنیۆم: بوتڵی خواردنەوە گازیەکان.

٤. نایلۆن: بوتڵی ئاو، کیسی نایلۆن، کەلوپەلی نایلۆنی کشتوکاڵی.

٥. کانزای تر: قوتووەکان و هەیکەلی ئۆتۆمبێل و پیل و پاتری.

٦. کەلوپەلی تر : چوارچێوەی ئۆتۆمبێل و پاشەڕۆی کەلوپەلی بینا و جلوبەرگ.

٣. دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشەڕۆکان Reuse

مەبەست دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشەڕۆکانە بۆ نمونە

بوتڵی پلاستیکی ئاوی کانزایەکان دوای پاکژکردنەوەیان و دووبارە تێکردنەوەی ئاو. بەمەش قەوارەی پاشەڕۆکان کەمدەبێتەوە.

❖ لە کۆتاییدا، هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی کە خاوەنی یەدەگێکی گەورەی نەوت ٦٠ ملیار بەرمیل و غازی سروشتی ٣٠ تریلیۆن مەتر سێجایە، و شەشەمین ناوچەی دەوڵەمەندی جیهانە لە ڕووی هەبوونی نەوت و غازی سروشتیەوە و سێیەکی یەدەکی هەموو عێراقی تیادایە، و لە ئێستادا دەستیکردوە بە پڕۆسەی گەڕان و دۆزینەوە و هەڵکەندنی بیر و فرۆشتنی نەوت، و واچاوڕوانیش دەکرێت لە ئایندەدا ببێتە هاوکارو هاوبەشێکی گەورەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە بواری وزەدا و هەر لەبەر گرنگیەکەشی هەرێمی کوردستان ئێستا خراوەتە سەر نەخشەی جیهانی نەوت و غازی سروشتی،هەربۆیە پێویست دەکات هەر لە ئێستاوە بیر و بەرنامە و پلانی زانستی و وورد دابڕێژێت بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگا پترۆکیمیاویاتەکان لە کوردستاندا، چونکە ئەم پیشەسازیە یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئابوریو پیشەسازی جیهانی و ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی دەبێت لە پێشخستنی زیاتری هەرێمی کوردستاندا، چونکە داهاتی ئەم پیشەسازیە گەلێک زیاترە لە داهاتی نەوتی خاو و غازی سروشتی.دەکرێت ئەم جۆرە پیشەسازیە گەشەی پێبدرێت لەم ڕێگایانەوە:-

١. هێنانە ناوەوەی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ ناو کوردستان و گەشەپێدانی توانا مرۆییەکانی کوردستان.

٢. دامەزراندنی کارگە و ئامێری پێویست بۆ ئەو مەبەستە.

٣. گرنگیدان بە توێژینەوە و گەشەپێدانی بەرهەم و بەبازارکردنی پیشەسازی پترکیمیاویات لە کوردستاندا. کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی تر بۆ دانانی کوردستان لەسەر نەخشەی یاریزانە سەرەکیەکانی دونیا لە وڵاتە پیشەسازیە گەورەکاندا.

سەرچاوەکان :

1. http://www.jes.org.jo/kids/arabic/waste.asp.
2. http://www.chemistry.clemson.edu.
3. http://www.accutekpackaging.com.
4. http://www.mainetti.co.uk/arabic/env...ai/recycle.asp.

دروستکردنی ڕێگای ئەسفەڵتی و ئەنجامدانی پشکنینی تاقیگەیی بۆ هەڵسەنگاندنی خاک، ئەگریگەیت و قیر

ئەندازیاری شارستانی

احمد وسوو حمد

ماستەر لە بەشی گواستنەوە و ڕێگاوبان

چینەکانی ڕێگای ئەسفلتی (Pavement layers Flexible)

پیشەکی (Introduction)

دەکرێت ڕێگای ئەسفەلتی وا پێناسە بکرێت کە پێکدێت لە پێنج چین بە شێوەیەکی گشتی و هەندێک جاریش لەوانەیە زیاد بکات بۆ شەش چین یان کەم بکات بۆ چوار چین، چینەکانی ڕێگای ئەسفلتی پێکدێن لەم چینانەی لای خوارەوە:

١. چینی ئەرزی سروشتی یان سەبگرەید (Sub-Grade) چینی سەبگرەید واتە ئەو چینەی دەکەوێتە ژێر چینی گرەید (Grade) کە مەبەست لێی ژێر چینی تێکەڵەیە . ئەو موادەی لە چینی تێکەڵە بەکاردەهێنرێت بە شێوەی گرەید پۆلین دەکرێت (Type A, Type B, Type C). چینی سەبگرەید ئەستوریەکەی تا قوڵی یەک مەتر هەژمار دەکرێت و پێویستە CBR ئەم چینە لە ٥٪ کەمتر نەبێت.

٢. چینی تێکەڵە (Sub-base) ئەم چینە دەکەویتە سەر چینی ئەرزی سروشتی یان ژێر چینی بەردی شکاو (Road base/Base-Course). تێکەڵە (Sub-base) واتە چینی ژیرەوەی چینی ئەساسی (CBR=20٪) . Base-Course

٣. چینی ئەساس / چینی بەردی شکاو (Road-Base/Base-Course) واتە چینی ئەساسی ڕێگا یان چینی ڕەئیسی. CBR=80٪

٤. چینی لکێنراو (Binder-Course) چینی لکێنراو، واتە بەستنەوە و لکاندنی پێکهاتەی قیر لەگەل یەکتر. CBR=90-95٪

٥. چینی داپۆشین (Wearing-Course) واتە چینی داپۆشینی چینەکانی تری ڕێگای قیری. CBR=100٪

لە هەندێ ڕێگادا بە تایبەتی هەندێ شوێنی ناو ناوچەی دانیشتوان پێویست بە فرشکردنی چینی پێنجەم (واتە چینی wearing course) نیە و چینی کۆتایی بە چینی بایندەر کۆتایی دێت.

بەڵام لە هەندێ شوێنی تایبەت بە ڕووبەرێکی دیاریکراو بۆ گلدانەوە و چۆرانەوەی ئاوی باران بە شێوەی فلتر چینی شەشەم فرش دەکرێت (porous layer)

٦. porous layer Porous Asphalt/ئەم چینە لە هەندێ شوێنی تایبەت بە ڕووبەرێکی دیاریکراو بۆ گلدانەوەی ئاوی باران بە شێوەی فلتر بەکاردەهێنرێت . بۆ ئەم چینە قیری بەهێزتر لە چینەکانی (binder course & wearing course)

بەکاردێت بۆ مەبەستی زیاتر پێکەوە نوساندنی ئەگریگەیتەکان چونکە ئەم چینە بە شێوەیەک دروست دەکرێت کە ئاو هەلبمژێت بۆ ئەوەی لەکاتی باران بارینا ئاوی باران بە سەر ڕوی جادەکە کۆنەبێتەوە و بچێتە خوارەوەی چینەکە .ڕێگای ئەسفلتی پێک دێت لە سێ چین کە دروست دەکرێن لە سەر ڕوبەکی ئامادەکراو لە خاکی سروشتی کە لە خوارەوە پێشان دراوە:چینی تێکەڵە (sub-base course): دابەشبونی لۆد، چۆرانەوەی ئاوی باران و بەردەوام دەروازەی ڕێگایە لە کاتی دروستکردن.چینی بەردی شکاو (base course/ road base course):چینی سەرەکی بۆ دابەشبونی لۆد چینی ڕوی سەرەوە/ پێکهاتەی قیری (surface layer) : پێکدێت لە دوو چینی باینەر(binder course) لە ژێرەوە و چینی ویرینگ (wearing course) لە سەرەوە. پێویستە ڕوبەکی سافی هەبێت بۆ لیخورین، نەهیشتنی هەلمژینی ئاو، بەرگری پێویست لە خلیسکان، بەردەوامی و دابەش بونی لۆدی هاتوچۆکردن بۆ چینەکانی ژێرەوە.



Figure 1 : Basic Flexible Pavement Structure

١. سەبگرەید (sub-grade)

سەبگرەید دەکرێت بەشێک بێت لە پرکردنەوە یان خاکی سروشتی بە قوڵی یەک مەتر لە خوارەوەی چینی کۆتایی سەبگرەید (کۆتایی ئاستی سەبگرەید). سەبگرەید ئەو چینەیە کە بەکاردەهێنرێت بۆ ڕاخستنی مەوادی چینەکانی دروستکردنی ڕێگا. ئەو مەوادانەی کە نەرم یان ناجیگیرن بە زۆر تەربون یان ووشک بوون کۆتانەوە کاریان تێنکات و نەگونجاون. ئەو گلەی بۆ سەبگرەید (sub-grade) بەکار دێت پێویستە هیزی بەرگەگرتنی گونجاو و جێگیر بێت بۆ هەلگرتنی لۆدی ترافیک و کارتێکردنی کەش و هەوا. ئەو فاکتەرانەی کار دەکەنە سەر هێزی پەرگەگرتنی خاک.

- جۆرەکانی خاک- تێکەڵ لە گل و بەرد (Granular) و گلەچەو (Gravel soils) لە باشترین جۆر و مەوادی ئەندامی و کاربۆنی لە خراپترینی جۆری خاکن.
- ڕێژەی شێ- بەرزترین ڕێژەی شێ بە شێوەی ئاسایی دەست دەکەوێت لەکاتی دروستکردندا.
- ڕێگە و هەوڵی کوتانەوە- جۆری کۆمپاکتەرەکان و ژمارەی دەورانەکان.

لەناو ئەو پشکنین و تێستانەی بۆ سەبگرەید ئەنجام دەدرێن

١. Loss on ignition (LOI):BS1377: part3:1990

٢. Liquid Limit (LL) and Plastic Limit (PL): BS1377: part2:1990

٣. Compaction: BS1377: Test 13:1975 (Part 4: 1990)

٤. California Bearing Ratio (CBR): : BS1377: Test 16:1975 (Part 4: 1990

California Bearing Ratio (CBR) Test

ئامانج : بۆ دۆزینەوەی (BC) ی خاک بۆ بەراوردکردنە لەگەڵ هێزی بەرگەگرتنی بەردی شکاوی ستاندارد.

ئەساسیات: پەیوەندیە لە نێوان بنیات نانی لۆد و ڕۆچون، لە کاتی پەستانی هێزەکە ڕۆچون دروست دەبێت . لۆدەکان لە ٢,٥ ملم و ٥ ملم دابەش دەبن بەپێی ستانداردی لۆد. بەپێی ئەنجامی شوێنەکە ڕێژەی (CBR) دەزانرێت.

هەنگاوەکانی تێستی CBR دوو قۆناغ دەگرێتە خۆ :

١. کوتانەوە بۆ دۆزینەوەی maximum dry density (MDD) و (optimum moisture content (OMC

٢. تیستی CBR بۆ دۆزینەوەی نرخی CBR لە ٩٥٪ی MDD یە.

٢. تێکەڵە (sub-base)

کاری چینی تێکەڵە:

- ڕادەخرێت لە ژێر چینی بەردی شکاو و هاوکارە لە دابەش بونی لۆد.
- چینی چۆرانەوەی ئاو (drainage layer)
- ڕێکخستنی بەردەم ڕێگا لە ماوەی دروستکردن (Temporary access road during construction)
- پاراستنی سەبگرەید (protection for sub-grade)
- چینی جیاکەرەوە (بۆ ڕێگرتن لە تێکەڵ بونی مەوادی سەبگرەید لەگەڵ مەوادی بەردی شکاو) (Separator layer)

بەکارهێنانی مەوادی جۆراو جۆر لە تێکەڵەدا:

- گلی دەولەمەند بە مەوادی ئاسن و ئەلەمنیۆم - CBR>20٪
- چەوی شکاو: لە (Well graded) جۆری تێکەڵکیشی باش و پتەو لە چۆنایەتی لەگەڵ خۆل بە قەبارەی ٧٥ ملم وە CBR>30٪
- گلێکی جێگیر و بەردەوام بەهێز کە CBR>60٪
- ئەو مەوادانەی کە لە تێکەڵە بەکاردەهێنرین پێویستە ئەنجامی پشکنینەکانی (CBR, Liquid Limit, Plasticity Index, Ten Percent Fine value, Los Angeles Abrasion Value and Sieve Analysis) گونجاوبێت لەگەڵ مواصفات.

٣. بەردی شکاو (Road base)

Road base چینی سەرەکیە بۆ هەلگرتی بار

مەواده بەکارهاتوەکانی لەمانەی خوارەوە پێکدین
- Dry Bound Macadam (DBM)
- Wet Mix Macadam (WMM)
- Bituminous Macadam Road-base (BMR)
- Cement Stabilized
- Composite (تێکەڵ لە پێکهاتەی جێگیر)

١. Dry Bound Macadam (DBM) – پێکهاتەیەکی پێکەوە نەنوساوە و هێزی بەرگەرتنەکەی بەندە بە شێوەی ئنتەرلۆکی تێکەڵەکەی . بە دوو چین دروستدەکرێت، چینی یەکەم چەوی درشتی قەبارە یەکسانە رادەخرێت بە ئەستووری ٧٥–١٠٠ ملم دوای کوتانەوەی. چینی دووەم چەوی وورد پێوەردەکرێت بە ئەستوری ٢٥–٥٠ ملم دوای کوتانەوەی لەگەڵ هزاز (Vibratorily) بۆ ڕێگەدانی لم بۆ پرکردنەوەی بۆشایی نێوان ئەگریگەتەکان. کەڵکی ئەم جۆرە بەردی شکاوە کەمی سیگریگەیشن و نزمی نرخەکەی.

٢. Wet Mix Macadam (WMM) – بەردی شکاو لە جۆری لە (Well graded) جۆری تێکەڵکێشی باش و پتەو لە چۆنایەتی وە تێکەڵ کردنی ئاو لەکارگە بە ڕێژەی ٢–٥٪ و گواستنەوەی بۆ شوێنی کار و ڕاختستنی. کەڵکی ئەم جۆرە بەردی شکاوە کەمی سیگریگەیشن لە ماوەی گواستنەوەی و ڕاختستنی موادی شێدار وە ئاسانی پرۆسەی کوتانەوە. ئەم جۆرە بەردی شکاوە رادەخرێت بە ئەستووری ٢٠٠–٣٠٠ ملم.

٣. Bituminous Macadam Road-base (BMR):- ئەم جۆرە بەردی شکاوە بەرهەم دەهێنریت لە کارگەی بەرهەمهێنانی قیر بە تێکەڵ کردنی چەو، فیلەر، ئەسفەڵت بەڕێژەی (٤–٥٪) . ئەم جۆرە بەردی شکاوە نرخەکەی زۆر بەرزە بەڵام دەتوانرێت لۆدی سەری باشتر دابەشبێت لە جۆری بەردی شکاوی پێکەوە نەنوساو. وە دەتوانرێت بە گشتی ئەستوری چینی پێکهاتەی قیری گەرم (Asphaltic concrete) کەم بکرێتەوە.

٤. Cement Stabilised Base – بەردی شکاو بە تێکەڵکردنی چیمەنتۆی ئاسایی بەڕێژەی ٣–٦٪ لەشوینی کار یان لە ڕوبەڕێکی دیاریکراو. بۆ باشترکردنی توانای بەرگەگرتن (BC) بە نرخی گونجاو. چینی (Cement Stabilised Base) کوتراوەکە پێویستە ئاورشێن بکرێت پێش ڕاختستن

٥. Composite- base بە دوو چین دەکرێت، چینی ژێرەوە بە موادی پێکەوە نەنوساو دەکرێت و چینی سەرەوەش بە موادی پێکەوە نوساوی هەریەک لە Bituminous Macadam یان Cement Stabilized Base دەکرێت.

پێویستە هەموو ماددەکان گونجاو بن لەگەڵ تێستی CBR, Plasticity Index, Aggregate Crashed Value, Flakiness Index, Durability, and Sieve Analysis

٤. چینی ڕوی سەرەوە Surface Layer

چینی سەر زەوی پێک دیت لە دوو چین، ئەوانیش چینی بایندەر (Binder course) لە ژێرەوە و چینی سەرفەیس (Wearing Course) لە سەرەوە. ئەم چینە بە شێوەی چەماوەی قۆقز (camber) دروست دەکرێت بۆ نەمانەوەی ئاو لە سەری وە دروست دەکرێت لە ئەسفەلتیک کۆنکرێت یان تێکەڵکردنی تێکەڵەی قیری گەرم (HMA). ئەو موادانەی بۆی بەکاردەهێنرین بریتین لە چەو، فیلەرو بیتومین.

١. چینی بایندەر (Binder Course) : لۆدی سەری دابەش دەبێت بۆ سەر چینی بەردی شکاو وە ئامادە دەکرێت بۆ چینی سەرفەیس لە سەری . بەرزترین قەبارەی چەو ٢٨ ملم وە تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ بیتومین (bitumen) بە ڕێژەی ٣,٥–٥,٥٪ .

٢.چینی سەرفەیس (Wearing Course) – چینی کۆتایی ڕێگای ئەسفەلتی . ئامانج لە دروستکردنی ئەم چینە

١. بەرگری پێویست بۆ خلیسکان (Skid resistance surface)

٢. پارێزگاری لە چینەکانی ژێرەوەی (Protection for underneath layers)

٣. دابینکردنی لێخورینی (سواربونی) باش و سەلامەت (Provide good and safe riding)

٤. هەڵگرتنی لۆدی هاتوچۆ (Support traffic loading)

٥. چۆرانەوەی ئاو (Drainage loading)

بەرزترین قەبارەی ئەگریگەیتی بەکارهاتوو ١٤ ملم و تێکەڵکردنی لەگەڵ بیتومین (bitumen) بە ڕێژەی ٤–٧٪.

پێویستە هەموو موادەکان دەربچن لەو پشکنینانەی پێویستن بۆ ئەگریگەیت, قیری شل و گیراوەی قیر (Mixture).

موادی ڕێگای ئەسفەلتی (Flexible Pavement Materials) گیراوەی پێکهاتەی ئەسفەلتی پێکدێت لە تێکەڵەی ئەگریگەیت لەگەڵ لکێنەر (Binder) کە قیری شلە (Bitumen) و فیلەر (Filler) کە دەکرێت هەریەک لە چیمەنتۆی ئاسایی یان هایدرەیتید لایم hydrated lime (CA(OH)2 بن.

پێکهاتەی هەر موادێکیان لە خوارەوە ڕونکراوەتەوە:

١. ئەگریگەت(Aggregate)– پێکهاتەی سەرەکی ڕێگای ئەسفەلتیە و نزیکەی ٩٣٪ گیراوەکە پێکدێنێت. هێزی بەرگەگرتنی لە تێکەڵکێشی نێوان ئەگریگەیتەکان ئەنجام دەگرێت و هاوکارە بۆ دابەشبونی لۆدەکان لە ترافیکەوە بۆ سەر جادەکە.

٢. قیری شل / (Bitumen) – لکاندن بۆ پێکەوە نوسانی ئەگریگەیتەکان بەیەکەوە بۆ بارستەیەکی گیراوەی بەهیزتر.

٣. فیلەر (Filler) –پرکردنەوەی بۆشایی نێوان ئەگریگەتەکان و یارمەتی لکاندن و پتەوبون دەدات وە بۆ پەیداکردنی هێز و پتەوی زیاتری گیراوەکە کە دەتوانرێت مانەوەی تەمەنی

دڕێژ بکات.

ئەگریگەیتەکان (Aggregates)

ئەگریگەیت پێکدێت لە لم، چەو و بەردی شکاوی موادی بنەرەتی لەوانە سروشتی یان دەستکرد. بە رێگەی تێکەڵکردنی پێکهاتەی قیری گەرم (HMA)، ئەگریگەیتەکان لەگەڵ بیتومین دەبەستڕێنەوە بەیەکەوە بە شێوەی موادی لکێندراو. ئەگریگەیت بەگشتی ٩٢-٩٣٪ی کێشی (HMA) پێکدێنێت و ٣٠٪ نرخی گیراوەی پێکهاتەی قیری گەرم (HMA) پێکدێنێت. وە هەروەها ئەگریگەیت خودی خۆی بەکاردەهێنریت وەک پێکهاتەی سەرەکی بۆ چینی تێکەڵە و چینی بەردی شکاو بەکاردەهێنرێت.

ئەگریگەتی سروشتی و بەرهەم هاتوو (Aggregate Origin and Production)

ئەگریگەیتەکان دەکرێت سروشتی بن یان لە کارگە بەرهەم بین. ئەگریگەیتی سروشتی بەگشتی بە رێگەی شکان و وەردکردن لە بەردی گەورەتر دروستدەکرێت لە کانەکاندا (Quarry). بەرد زیاتر بە رێگەی شکاندن و تەقینەوە لە کانەکاندا بە پێی قەبارەی پێویست و گونجاو بەرهەم دەهێنرێت. لە هەندێ کاتیش دەتوانرێت ئەگریگەیت بشۆرێتەوە. بەردی بەرهەم هاتو لە کارگەکان جۆرەکەی پێکدێت لە بەرهەمی پیشەسازی وەک Slag. (کە کارگەکانی ئاسن بە پرۆسەیک بەرهەم دەهێنرێت لە پاشماوەی ئاسن، تەنەکە و مس) یان بەردی تایبەت کە بەرهەم دەهێنرێت لە پارچەی بچوک کە کاریکتری فیزیاییان هەیە لە سروشت دەست ناکەون (وەک ئەو ئەگریگەیتەی کە کەم کێشن وە چریان نزمە).

سیفاتی فیزیایی ئەگریگەیت (Aggregate Physical Properties)

ئەگریگەیتەکان دەکرێت پۆلین بکرێت بە پێی بنەرەتیان، رەوشی فیزیایی و کیمیایی . بەرهەمی ئەسفەلتی بەندە لەسەر رەوشی فیزیایی بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی. رەوشی فیزیایی ئەگریگەیت راستەوخۆ لە ئەنجامی رەوشی بنەرەتی و کیمیایی خۆیەتی.

گرنگترین سیفاتی ئەگریگەیت: Important properties of aggregates

- هێزی بەرگەگرتن / مقاومە (Strength) – بۆ بەرگری لە شکان، لەت بوون بە لێدان/ تصادم (Impact)، لەماوەی دروستکردن و لۆدی هاتوچۆ
- مانەوە / متانە (Durability) – بەرگریکردن لە وەردبون و جیاکردنەوە لە یەکتر لە ژێر کاریگەری ئاو و هەوا .
- شێوە و ڕوی پێکهاتەی (Shape & surface texture) یارمەتیدەرە بۆ چونەپاڵ یەکتر، بەرگری لە لووس بون و خلیسکان، کاریگەری هێزی بەرگەگرتن.
- گونجاوی (Affinity) پاش داپۆشین بە بایندەر
- پەیوەندی چری و هەڵمژین (Relative Density & absorption)– ڕوتانەوە و داخوران، کاتی ووشکی، دیزاینی گیراوەی پێکهاتەی قیر.
- بەرگری بۆ داپۆشین (Resistance to wear/ Hardness) – لووس بون لە ژێر هاتوچۆدا، بەرگری لە خلیسکان
- تدرج (Gradation) – جۆرایەتی و هێزی بەرگەگرتنی پێکهاتەی قیری.

بەرزترین قەبارە (Maximum Size)

لانی بەرزی قەبارەی ئەگریگەیت دەتوانێت کاربکاتە سەر HMA و چینی (base/ sub-base) لە رێگای جۆراوجۆر. ناجیگیری لە HMA دا، دەکرێت لە ئەنجامی هۆکاری کەمی بەرزترین قەبارەکان بێت، وە لاوازی عملیەی کار و یان سیگریگەیشن (Segregation) دەکرێت لە ئەنجامی هۆکاری زۆری بەرزترین قەبارەکان.

- گەورەترین قەبارە لە چەوی زۆر وورد

گەورەترین قەبارەی بیژنگ هەندێ ئەگریگەیتی تیادا دەمێنێتەوە، بەڵام ١٠٪ زیاتر نابێت.

- گەورەترین قەبارەی چەو

بچوکترین قەبارەی بیژنگ کە لە ١٠٠٪ ئەگریگەیتەکە تێدەپەڕیت.

ئەوە گرنگە بۆ جیاکردنەوەی سەرچاوەی بەرزترین قەبارە یان بەرزترین قەبارەی زۆر بچوک

لە مەوادی دروستکردنی رێگادا، هەندێ زاراوەی تر بۆ ئەگریگەیت بەکاردەهێنرین

- چەوی درشت (Coarse aggregate)- (>2.36mm) ئەگریگەیتی شکاو
- لم (Fine aggregate) - (2.36-75 micron) ئەگریگەیتی شکاوی وورد، لم (رووبار ، کان)
- فیلەری بنەرەتی (Mineral Filler >) - (75 micron) موادی وورد وەک چیمەنتۆ، ئۆکسیدی کالیسیۆم، و خۆڵی ئەگریگەیتی شکاو

پۆلێنکردنی ئەگریگەیت (Aggregate Gradation)

دابەشبون، یان پۆلێنکردنی قەبارەی پارچەی ئەگریگەیتەکان ، یەکێکە لە زۆرترین کارەکتەرە بەهێزەکان.

لە (HMA)دا، بیژنگکردن یارمەتی دەرە بۆ دۆزینەوەی زۆرترینی لایەنە گرنگەکانی ئەگریگەیت کە بریتین لە پتەوی وتوندی/صلابة (Stiffness)، جێگیری/ثبات (Stability)، مانەوە / متانە (Durability)، کارئاسانی/قابلية التنفيذ (Workability)، نفاذية (permeability)، بەرگری کردن لە هیلاکبون (Fatigue resistance)، بەرگری لیکخشاندن (frictional resistance) و بەرگریکردن لە زیانەکانی شێ (resistance to moisture damage) .



Figure 2 : Aggregate Production Equipment (Stone Crusher)

جۆرەکانی پۆلێنکردن (Typical Gradation)

Dense or well-graded

بەپێی تدرجیەکەی نزیکە لە بەرزترین چڕی. زۆرترین دیزاینی ڕێگای ئەسفلتی لە وڵاتی ئەمریکا (US) لەم جۆرە چەوە بەکاردەهێنرێت.

Gap graded

بەپێی تدرجیەکەی، تەنها ڕێژەیەکی بچوک پارچە ئەگریگەیتی (mid-size range) تێدایە. کرفی ئەم جۆرە نزیکە لە ئاسۆیی لەگەڵ (mid-size range) ئەم تیکەلانە هاوکارە بۆ دروستبونی سیگریگەشن لە ماوەی ڕاختندا.

Open graded

بەپێی تدرجیەکەی تەنها ڕێژەیەکی بچوک ئەگریگەیتی ووردی تیدایە. ئەم ئەنجامە لە بونی بۆشایی هەواییە چونکە لەوێ دا پارچەی بچوکی پێویست نیە بۆ پرکردنەوەی بۆشایی نێوان پارچە گەورەکان. کرفی ئەم جۆرە نزیکە لە ئاسۆیی و نزیکە لە سفر لە (Small-size range)

Uniformly graded

بەپێی تدرجیەکەی پێکدیت لە زۆرترین پارچەی قەبارەی مەودا زۆر سنووردار. هەموو پارچەکانی هەمان قەبارەن. کیرفەکەی لێژ و پرە لە قەبارەی مەودا سنووردار .



Figure 3 : Types of aggregate gradations

پەیوەندی بەردی شکاو (Road-base) لەگەڵ چڕی و ئاستی شێ (Road base Density/Moisture Relationship)

بریتیە لە گۆڕانی شێوەی پارچەی درشت و وورد کە لکاندنی موادەکانی چینی بەردی شکاو لەدوای ڕاختن و کوتانەوە بەیەکەوە دەردەخات. موادەکانی چینی بەردی شکاو (Road-base) ، بەیەکەوە دەلکێندرێن بە تێکەڵکردنی چەوی گونجاو لەگەڵ موادی وورد هەویری (plasticity). خاسیەتی ئەم لکاندنە زۆر گرنگە بۆ ئەنجامدانی چینی بەردی شکاو (Road-base) وە ئەنجامدانی ئەم کارە پێی دەوترێت بەرزترین پێکهاتەی ئاستی شێ (Optimum Moisture Content-OMC) لە موادەکانی چینی بەردی شکاو Road-base). OMC بۆ چینی بەردی شکاو بری ئەم شێیە لە ناو موادەکە، لە هەولی جێبەجیکردنی کوتانەوەی ستاندارد، بەدەستهینانی MDD ی مادەکە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت.



Figure 4 : Max Dry Density (MDD) and Optimum Moisture Content (OMC)

ڕێگای ئەسفلتی (Asphalt Pavement)

ڕێگای ئەسفەلتی واتە فرشکردنی ئەسفەلت کۆنکریت بۆ ڕێگا. پێکهاتەی قیری کولاو پێک هاتووە بە نزیکەی ٩٥٪ ی بەرد، لم یان چەو کە قیری شل (Asphalt Cement-AC) بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، قیری شل لە نەوتی خاو بەرهەم دێت. قیری شل (AC) و چەو گەرم دەکرین لێکدەدرین و تێکەڵ دەبن (Hot Mix Asphalt-HMA) دروست دەبێت. لە ئەنجامدا HMA لە گەلابە باردەکرێت و دەگوازرێتەوە شوێنی ڕاختن. گەلابەکان HMA ڕۆدەکەنە ناو هۆپەری ئامێری فاریشە کە دەکەوێتە بەشی پێشەوەی. ئەسفەلت کۆنکرێتەکە ڕادەخریت، پاشان دەکوترێتەوە بە بەکارهێنانی ڕۆلەری گەورە، کە لەسەر جادەکە لێدەخورێت. بەگشتی دوای ساردبونەوەی جادەکە هاتوچۆی سەیارە ڕێپێدراوە.

پێوانەکردن (Measurement)

تەدرج هەمیشە بە بیژنگ پێوانە دەکرێت . لە ئامێری بیژنگ دا، نمونەیەک لە ئەگریگەیتی وشک کە کێشەکەی زانراوە دەخرێتە ناو ژمارەیەک بیژنگی تایبەت لە گەورەوە بۆ بچوک. لە جیاکردنەوەکەدا، کێشی ئەگریگەیتی ماوە لە هەر بیژنگیک دا کێشی دەکرێت. وە بەراورد دەکرێت لەگەڵ کۆی کێشی ئەگریگەیتە بەکار هاتووەکە. هەر قەبارەیەک لە ئەگریگەیتەکە دابەشی کۆی گشتی دەکرێت بۆ زانینی ڕێژەی سەدی هەر قەبارەیەک لە ئەگریگەیتەکە بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ مەودای دیاری کراو بە پێی ستانداردی AASHTO

ئەنجامەکان دەریدەخــەن کە ئەگریگەیتی دابێژراو گونجاوە بــۆ بەکارهێنان یان نا . ئەگەر کێرفی ئەگریگەتە بەکارهاتووە کــە کەوتە ناو هەردوو کێرفی لانی بــەرزی و لانی نزمی، بە پێــی مواصفاتی AASHTO دیاریکراوە ، نیشــانەی گونجانی چەوەکە دەبێت بۆ بەکارهێنانی لە کارەکەدا.



Figure 5 : Relationship between cumulative percent passing of aggregate and Sieve analysis(mm) to find out the target gradation of aggregates

Table 1 : Standard U.S. sieves, meeting the require-ments of Tex-907-K in the following sizes:

300 mm (No. 50)---600 mm (No. 30)---1.18 mm (No. 16)---2.36 mm (No. 8)

4.00 mm (No. 5)---4.75 mm (No. 4)---6.3 mm (1/4 in.)---8.0 mm (5/16 in.)

9.5 mm (3/8 in.)---12.5 mm (1/2 in.)---16.0 mm (5/8 in.)---19.0 mm (3/4 in.)

25.0 mm (1 in.)---31.5 mm (1-1/4 in.)---37.5 mm (1-1/2 in.)---50.0 mm (2 in.)

63.0 mm (2-1/2 in.)

پشــکنین لــە ســەر ســیفەتەکانی ئەگریگەیــت Test on Aggregate Properties -

ئامانجی سەرەکی لە سیفاتی میکانیکی ئەگریگەیت پێویستە

- زانینی هێــزی بەرگەگرتنی ئەگریگەیت لەکاتی ڕۆیشــتن بەسەریدا لە ماوەی کارکردندا
- بەرگــری پێویســت و گونجــاو بــۆ داخورانی ســەر ڕوی ئەگریگەیتەکە لەژیر لۆدی هاتوچۆدا

ئەگریگەیت لە دروستکردنی ڕێگا بەکاردێت.پێویستە هێزی پێویســتی هەبێت لە بەرگری شــکان لەژێر هاتوچوی لۆدی ســەیارەدا. ئەگەر ئەگریگەیتەکان لاواز بن، کاردەکاتە سەر ناجێگیربونی پێکهاتەی جادەی قیری.

پشکنین بۆ هەلسەنگاندنی ســیفەتەکانی ئەگریگەیت Tests (to evaluate aggregate properties

١. Aggregate Crushing Value (ACV) and Ten Percent Fine Value (TFV)

٢. Aggregate Impact Value (AIV)

٣. Los Angeles Abrasion Value (LAAV)

٤. Soundness

٥. Flakiness and Elongation Index

٦. Specific Gravity and Water Absorption

٧. Coating and Stripping

٨ Polishing Stone Value (PSV)

٩. Sieve Analysis

١. ACV (BS 812: part 110: 1990)

بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی ســەدی ئەگریگەیتی(Aggregate)ی شکاو بە ڕووداڵی پەستانی قورسایی (compressive load)

- بەکارهێنانــی قەبارەی پێوانەیی ئەگریگەیتی بۆ تێپەراندن لە بیژنگی ١٤ملم وە مانەوەی لە بیژنگی قەبارە ١٠ملم. نزیکەی 3kg ئەگریگەیــت دەکرێتە قالبێک (mould) بە ســێ چین و کوتاندنەوەی بە شیشــی تایبــەت (rod) لێدانی ٢٥ ڕۆدە بۆ هەر چینیک. بەکارهێنانی ئامێری کۆمپرێســەر بۆ کوتانەوەی ئەگریگەیت بۆ ماوەی ١٠ خولەک. لەگەڵ زیادکردنی لۆد بە هێواشی لە 0kg-400kg . دەرهێنانی ئەگریگەیتەکە لە سیڤی ٢,٣٦ ملــم و دۆزینەوەی کێشی ئەگریگەیتەکە دابێژراوەکە و هەژمارکردنی ACV .

٢. TFV (BS 812: part 111: 1990)

- دۆزینــەوەی لۆدی پێویســت بۆ شــکاندنی ئەگریگەیت بە ڕێژەی ١٠٪ (percent fine 10)
- نمونەکە لە سەر شێوەی ACV ئامادە دەکرێت، پاشان بە لۆدی پێشــبینی کراوەکە دەتوانرێت (ten percent fine) دەســت بکەوێت. هەژمارکردنی ڕێژەی ســەدی fine ی داواکراو و هەژمارکردنی لۆدی داواکراو. بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە بۆ بەدەستهێنانی fine لە مەودای ٧,٥-١٢,٥ ٪

TFV = کاتێک

f = لۆدی پێویست

y = ڕێژەی سەدی شکاوەکە

Mold



Figure 6 : Aggregate Crushing Value (ACV) and Ten Percent Fines Value (TFV) BS 812: 110, 111

٣. AIV (BS 812: part 112:1990)

• بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی سەدی شکاندن بە لۆدی داکوتان (Impact Load)

• ئەگریگەیتێک بەکاردەهێنرێت کە لە بیژنگی ١٤,٥ ملم تێپەڕیت و لە بیژنگە ١٠ملم بمێنێتەوە. ئەگریگەیتەکە لە کۆنتەینەرێک دادەنرێت و بە شیشی تایبەت (rod) ٢٥ جار دەکوترێت. پاشان، ئەگریگەیتەکە ١٥ جار دەکەوێتە ژێر باری لێدان (Impact load)، بەکارهێنی بیژنگی ٢,٣٦ ملم بۆ هەژمارکردنی کێشی شکاویەکە و دۆزینەوەی AIV :

٤. ASTM C: 131-81 (LAAV)

• بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی سەدی شکان یان کەمکردنەوە بە هۆی داخوران، هاریەن، لێدان، و ووردبون بەهۆی تێکەڵ کردن.

• بارستایی (بری) (5kg) چەو دەخرێتە ناو عەمبارێکی ئاسنین لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراو لە تۆپی ئاسن. ئامێری عەمبارەکە دەخولێنرێتەوە بە خێرایی ٣٣ دەوران لەیەک خولەک دا (33rpm). پاشان، ئەگریگەیتەکە لە بیژنگ دەدرێت(دادەبێژرێت) بە بیژنگی قەبارە ١,٧ ملم و هەژمارکردنی بەم هاوکێشەیەی خوارەوە

Figure 7: Aggregate Impact Value (AIV)

Figure 8 : Los Angeles Abrasion Value Testing Equipment

٥. AASHTO T104 (Soundness)

• بۆ دۆزینەوەی بەرگری لە شکان و بچوکبونەوە لە دەوران (گۆڕان)ی کەش هەوا لە شیاوە بۆ ووشکی، گەرم بون، و ساردبونەوە

• ئەگریگەیتەکان بەتەواوی بارگاوی دەبن بەئاوێتەبونی سۆدیۆم، سۆلفاتی مەگنیسیۆم بۆ ماوە ١٦-١٨ سەعات. بردنی نمونەیەک و دانانی لە ناو کووڕە (Oven) بە پلەی گەرمی ١٠٥ C° بۆ ماوەی ١٦-١٨ سەعات. هەمان پرۆسیس دووبارە بکەوە بۆ ٥ دەوران. پاشان نمونەکە بشۆوە و ووشکی بکەوە. نمونەکە دابیژە و هەژماری بکە بە هاوکێشەیەی خوارەوە :

٦. BS 812: Section 105.1: 1989 (FI)

• بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی سەدی ئەگریگەیتەکە ناریکەکان. ئەگریگەیتەکە ناڕێکەکان پێوانە دەکرێن کاتێک ئەستوریان کەمتر بێتە لە ٠,٦ جارانی تێکڕای دوریەکانی. ئەو ئەگریگەیتانەی کە پێوانەیان لە نیوان ٦,٣ملم- ٦٣ ملم پێویستە تێست بکرێن.

• ئەو ئەگریگەیتانەی کە قەبارە و کێشیان وەک یەکە تۆمارە دەکرێن. هەر ئەگریگەیتێک لە سەر کونێکی دیاری کراو دادەنرێت تێدەپەڕیت، کێشەکەی تۆمار دەکرێت ئەو ئەگریگەیتانەی کە بەکونەکەدا تێدەپەڕن، بە ئەگریگەیتی ناڕێک هەژمارە دەکرین.

٧. BS 812: part 1: 1975 (EI)

• بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی سەدی ئەگریگەتە درێژ کۆلەکان.

• هەر ئەگریگەیتێک درێژیەکەی دەپێورێت، کاتێک ئەستوریەکەی زیاتر بولە ١,٨ ملم جارانی تێکرای دووریەکانی، ئەو ئەگریگەیتەی کە پێوانەی لە نێوان ٦,٣ ملم- ٦٣ ملم پێویستە تێست بکرێت.

• ئەو ئەگریگەیتەی کە قەبارە و کێشیان وەک یەکە تۆمارە دەکرێن. هەر ئەگریگەیتێک لە سەر کونێکی دیاری کراو دادەنرێت و کێشی ئەو ئەگریگەیتە تۆمار دەکرێت کە بەکونەکەدا تێناپەڕن (دەمێننەوە) .ئەگریگەیتە ماوەکە لە کونەکە بە درێژ کۆلە هەژمار دەکرێت.

Figure : Flat and Elongated Particles of Aggregate

Figure : Flat , Elongated, and cubic Particles of Aggregate

٨. BS 812: part 2 :1975 (SG and WA)

• دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دیاریکردنی هێزی بەرگەگرتن

پۆرۆسیتی چەوەکە. بەرزی سپیسیفیک گرافیتی لە ئەگریگەیت واتە بەرزی هێزی بەرگەگرتن. بەرزی رادەی هەلمژینی ئاو، پێشبینی دەکرێت ئەگریگەتەکە پێویستی بەکاتی زۆر دەبێت بۆ ووشک بونەوە بەدرێژایی پرۆسەی تێکدان وە دەتوانێت رێژەیەکی زۆر ئەسفلت هەلبمژێت کە لە ئەنجامدا نرخی بەرهەم هێن بەرزتر دەبێت.

• ئەگریگەتەکە بۆ ماوەی ٢٤ کاژێر لە ئاودابێت، وە پردەبێت لە دلۆپەی ئاو. کێشانی و تۆمارکردنی(C) . دەرهێنان ووشککردنەوەی ئەگریگەتەکە بە خاولیەکی شێدار وە کێشکردنی (B). پاشان ئەگریگەتە کە بخرێتە ناو فرن (Oven) بۆ ماوەی ٢٤ کاژێر بۆ ووشکبونەوەی و کێشکردنەوەی (A).

SG_{Rbulk}=

کێشی ئەگریگەیتەکە بە وشکی = A

B = کێشی ئەگریگەیتەکە بە تەری

C = کێشی ئاوەکە

WA = رێژەی هەلمژینی ئاو (Water Absorption-WA)

SG_{Rbulk}= چری (Specific Gravity)



Figure 9 :Aggregate Specific Gravity

٩. T: 182 AASHTO) Coating and Stripping

• بۆ دۆزینەوەی رادەی پێکەوە نوسانی ئەسفلت (bitumen) و ئەگریگەیت (Aggregateبە کارتێکردنی ئاو

• لێرەدا دوو جۆر ئەگریگەت هەیە (Hydrophilic and Hydrophobic). ئەگریگەتی Hydrophilic زەحمەتترە بۆ داپۆشین بە بەراورد لەگەل ئەگریگەتی Hydrophobic.

Hydrophilic: having an affinity for water]

[Hydrophobic: lacking attraction for water

• ئەگریگەیت و بیتومین گەرم دەکرین و لێکدەدرێن. ئەگریگەیتی داپۆشراو بە ئاو بۆ ماوەی ١٦-١٨ کاژێر پردەبیت لە دلۆپی ئاو. دۆزینەوەی رووبەری رووی داپۆشراو بە ئاو ئەگەر زیاتر یان کەمتر بێت لە ٩٥٪.

١٠. (PSV (BS 812: Part 114: 1989

• ئەم پشکنینە (Test) تەنها بۆ ئەو ئەگریگەتە دەکرێت کە لە چینی سەرفەیس (Wearing Course) بەکاردێت. PSV بەرگریکردنی ئەگریگەیت لە لووس بوون نیشان دەدات لە ژێر کاری هاتوچۆ . لووسبونی ئەگریگەیت کاردەکاتە سەر بەرگریکردن لە خلیسکان لەسەر رووی رێگای ئەسفەلتی ئەم تیستە بە سێ قۆناغ دەکرێت:

١. ئامادەکردنی نمونە (Sample Preparation)

سێ سێت نمونە دەبێت ئامادەبکرین هەر سێتیک لە چوار نمونە پێکدین. هەر نمونەیەک پێویستە ٣٥بۆ ٥٠ ئەگریگەیت بێت بە قەبارەی ١٠ملم. گیراوەی چیمەنتۆ و لم (cement mortar) بەکاردیت بۆ لکاندنی ئەگریگەیتەکان بەیەکەوە. دوو نمونەی تایبەت بەکاردەهێنرێت لە ئەگریگەیتی (Criggion Quarry). نمونەکان پێویستە ئاوبدرین پێش ئەنجامدانی تێستەکە.

٢. (Sample Polishing)

٣. پێوانەکردنی بەرگریکردن لە خلیسکان (Measuring skidding resistance)

ئامێری (British Pendulum Tester) بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی بەرگریکردن لە خلیسکانی ئەگریگەیت. سلایدی پلاستیکی و سەرووی نمونەکە پێویستە پێش پشکنین تەربکرێن. پاندۆلەکە ئازادانە دەجولیت و بەرگری خلیسکان تۆمار دەکات. پێنج جار دووبارەی دەکەێنەوە و تێکرای خوێندنەوەی سێ جاری کۆتایی وەردەگرین. تێستی PSV نرخی گۆراوی خلیسکان دەدۆزێتەوە.

Figure 10 : Modified British Pendulum skid resistance tester

١١. بیژنگی تاقیکردنەوەی پۆلینکردن Sieve Analysis (BS (1377: Part 2: 1990

لەناو بیژنگی تاقیکردنەوەدا، نمونەیەک لە ئەگریگەیت کە کێشەکەی زانراوە جیادەبنەوە لەناو کۆمەلێک بیژنگدا بۆ ناوبیژنگی کون بچوکتر. کە جیاکرانەوە ئەگریگەیتە

Figure 11 : The standard gradation and sieve analysis test

Figure 12 : Set of Sieves (Sieve Analysis of Fine and Coarse Aggregates

ماوەکان لەناو هەر بیژنگیکدا کێش دەکرێت وە بەراورد

دەکرێت لەگەڵ کۆی کێشی گشتی نمونەکە. هەر قەبارەیەک دابەشدەکرێت. پاشان رێژەی سەدی کێشی ماوەی ئەگریگەتەکە لە هەر بێژنگێکدا دەردەکەوێت. ئەنجامەکە بەشێوەی گراف یان خشتە پیشان دەدرێت.

قیری شل (Bitumen/Asphalt)

ئەسفلت یان بیتومین قاوەییەکی تۆخی مەیلە و رەشە، ئاستی پێکەوەنوسانی بەرزە، هایدرۆکاربۆنی بەرهەم هاتوو لە پێکهاتەی نەوتی بەسەریەکدانیشتوو. ئەم پێکهاتەیە دەکرێت بە شێوەی سروشتی پەیدا بێت لە ئەنجامی قیری دەریاچەکان ، یان پەیدابێت لە نەوتی بالاوتەکان لە بەکارهێنانی نەوتی خاو. ٨٥٪ ی کۆی گشتی رێگا و شارێکان بە جادەی ئەسفەلتی دروست دەکرێن.لە گیراوەی قیری کولێنراو (Hot Mix Asphalt-HMA)، سیفەتی قیری شل وەک هەڵنەمژینی ئاو(Waterproof)، بەگەرمکردن شلدەبێت و بەساردکردنەوە تونددەبێت (Thermoplastic)، لاستیکی و پێکەوەلکان (Viscoelastic adhesive). بەپێی کێش، قیری شل بە گشتی بەرێژەی ٤-٨٪ ی کێشی گیراوەی قیری کولێندراو (HMA) هەژمار دەکرێت. وە ٢٥-٣٠٪ ی کۆی نرخی (HMA) هێکلی جادەیە کە بەندە بە جۆر و بری هێکلی جادەی قیرەکە. هەروەها،لە کارگەی موادی قیری دا asphalt cutbacks، asphalt emulsions و foamed asphalt بەکاردەهێنرێن.

ئەسفلت سیمێنت/ قیری شل (asphalt cement) بەکاردێت بۆ ئامادەکردنی HMA وە کاری فرشکردن. وە هەروەها دەتوانین زاراوەی (Asphalt binder) بەکاربێنین. مادەی سەرەکی لکاندنی HMA چونکە (Asphalt binder) پێکدێت لە قیری شل (asphalt cement) وەهەروەها زیادکردنی هەر مادەیەک بۆ بەهێزکردنی سیفاتی قیری شلی بنەرەتی (original asphalt cement properties).

سیفاتی فیزیایی قیری شل (Asphalt physical properties) دەتوانین ئەسفلت پۆلین بکەین بە پێی پێکهاتەی کیمیایی و سیفاتی فیزیایی. سیفاتی فیزیایی ئەسفلت راستەوخۆ لە ئەنجامی پێکهاتەی کیمیاییەکەیەتی.

Table 2: Chemical Composition of the Bitumen

Composition	Content%
Carbon	80-85%
Hydrogen	10%
Sulphur	1-5%
Nitrogen	1%
Oxygen	<1%

گرنگترین سیفەتە فیزیایەکانی قیری شل

١. مانەوە (Durability) / مانەوە بریتیە لە پێوانەکردنی گۆرانی سیفاتی فیزیایی قیری شل لەگەڵ بەسالاچون. بە گشتی بەپێی تیپەربونی کات قیری شل رادەی پێکەوەنوسانی زیادەکات وە هەروەها رەقتر وە رێژەی شکانی زیاد دەکات بەبێ ئەوەی بکشێت.

٢. Rheology / رێولۆجی بریتیە لە لێکۆلینەوە لە گۆرینی شێوە و جوڵەی بیتومین بەهۆی کارتێکردنەوە. گۆرینی شێوەی جوڵەی بیتومین لە پێکهاتەی قیری گەرمکراودا (HMA) زۆرگرنگە لە کاری راخستنی (HMA). شێوە و جوڵە لە راخستنی (HMA) زۆر زۆر دەکرێت هەستیار بێت بۆ دروستبونی (Rutting and bleeding) وە هەروەها زۆر رەقبونی دەکرێت هەستیار بێت بۆ (Fatigue cracking).

٣. سەلامەتی (Safety)

قیری شل وەک زۆرترین مادەکانی تر، دەبێت بەهەڵم کاتێک گەرم دەبێت. لەپلەی گەرمی زۆربەرزدا قیری شل دەتوانێت ئازادانە هەڵمی پێویست زیادبکات. هەڵمەکە یەکسەر لە سەروی قیری شلەکە بۆ خاڵی گرگرتن دروست دەبێت کاتێک گری ئاگرەکە کلپەدەگرێت. ئەمەش پێی دەگوترێت خاڵی گرگرتن (Flash point). بۆ هۆکارەکانی سەلامەتی، خاڵی گرگرتنی قیری شل تێستی بۆ دەکرێت و کۆنترۆل دەکرێت.

٤. خاوینی (Purity)

قیری شل، کە بەرکاردێت لە راخستنی پێکهاتەی قیری گەرم (HMA) پێویستە پێکبیت لە زۆرترین قیری ساف و پاک. قیری شلی پیس چالاک نیە بۆ پێکەوە نوسانی پێکهاتەکان و دەکرێ زیان بە دروستکردنی ئەسفلت بگەیەنێت.

سیستەمی پۆلێنکردن (Grading systems)

قیری شل بەپێی جۆرەکانی پۆلێن دەکرێت بۆ یەک یان زۆرتر لە سیستەمی پۆلێنکردن بە پێی کاراکتەری فیزاییان.مەودای ئەم سیستمانە لە سادەوە بۆ ئالۆزترە و هێمایەکەلە گەشەکردنی توانای کاراکتەری قیری شل. لە جیهاندا (Penetration Grade, Viscosity Grade, and Performance Grade PG) بەکاردێت. ئەمرۆ لە زۆرترین شوێن (زۆربەی ولاتان) پلانیان هەیە بۆ بەکارهێنانی (Super pave PG system).

١. Penetration Grade

ئەم گرەیدە سەرچاوە دەگرێت لە بەکارهێنانی یەک نیدلی ستاندارد (a standard needle) بە کێشی 100g لە ماوەی ٥ چرکەدا لە پلەی گەرمی 25°C کە بە قیری شلدا رۆدەچێت کاتێک دەخرێتە سەر قیرەکە لەناو یەک کۆنتێنەری تایبەت. ئەم تێستە سادە و ئاسانە بۆ ئەنجامدان. هەڵبژاردنی گرەیدی قیری شل بۆ بەکارهێنان ، بەندە لەسەر پلەی گەرمی هەر ناوچەیەک. بۆ ئەو شوێنانەی پلەگەرمیان نزمە واتە ساردن، گرەیدی بەرزتر واتا قیری نەرمتر بەکاردێت. وە بۆ ئەو

شۆینانەی کە گەرمن، گرەیدی نزم واتا قیری پتەو بەکاردێت. مەودای نرخی رۆچونی نیدل Penetration Grade لە 40- pen 300 کـە مەوداکەی بە ملیمەتـر دەکاتە ٤-٣٠ ملم. کە بەگشتی دابەش دەبیت بەسـەر پێنج جـۆر گرەید (٤٠/٥٠, ٦٠/٧٠, ٨٠/١٢٠, ١٠٠/١٥٠, ٢٠٠/٣٠٠)

٢. Viscosity Grade

قیـری شـل وەک (penetration Grade) پێوانـە دەکرێت بەلاّم لە پلەی گەرمی (60°C = 140°F-135°C=275°F). تیسـتەکە، دەتوانرێت ئەنجام بدرێت لە سەر قیری نوێ (AC) کە مەوداکەی (٢,٥-٤٠) یان لەسـەر قیـری بە تەمەن (AR). کە مەوداکەی (١٠٠٠-١٦٠٠٠) بە پێی سـتانداردی ASTM ڤیسکۆسـیتی بە پۆیـس (poises(cm-g-s=dyne-second/ cmP2P))پێوانەدەکرێـت یـان (poises/10) . گرەیـدی ڤیسکۆسیتی بریتیە لە

Table 3 : AASHTO M 226 and ASTM D 3381 Viscosity Grades

Standard	Grading based on Original Asphalt (AC)						Grading based on Aged Residue t (AR)				
AASHTO	AC-2.5	AC-5	AC-10	AC-20	AC-30	AC-40	AR-10	AR-20	AR-40	AR-80	AR-160
ASTM	AC-2.5	AC-5	AC-10	AC-20	AC-30	AC-40	AR-1000	AR 2000	AR 4000	AR 8000	AR 16000

Note: AASHTO (American Association of State Highway and Transportation Officials)

(ASTM (American Society for Testing and Materials

ئەم گرەیدەی قیری شـل باشترە بەلاّم لە پلەی گەرمی نزمدا تێسـتی بۆ ناکرێت (چونکە لە پلەی گەرمی نزم دا ئەتوانرێت سـپیندلە بچێتە ناو قیرەکە و بسـوریتەوە لەناوی دا بە خێرایی 20rpm بـەلاّم لەگەلّ بەرزبونەوەی پلەی گەرمی سـبیندلی ئامێرەکە دەس بە سوراندنەوە دەکات و تا پلەی گەرمی زیاد بکات نرخی ڤیسکۆسـیتی کەم دەکات بە یەکەی پۆیس (P) یان سەنتی پۆیس (CP))

٣. Super pave Performance Grading (PG) System

ئـەم گرەیـدەی Super pave Performance Grading قیر بەشـێک وە گرەیدیکی نوێیە لە قیر شـل. (PG System) لەسـەر ئەو بۆچونە بناغە دەگرێت کە سـیفاتی قیری شـل لە پێکهاتەی قیری گەرم پێویسـتە پەیوەسـت بێـت و بکەوێتە ژێر ئـەو حالەتـەی کـە بەکاردەهێنرێت. بۆئـەم گرەیدەی قیری شـل حالەتەکانـی کـەش و هـەوا رەچاودەکرێت و هەروەها بە باشی لە تەمەنی دا بەدیدەکرێت. لەبەرئەوە، ((PG System بەکاردێـت لە وەرگرتنی چەندین تیسـت. (وەک Penetration Grade, and Viscosity Grade system) بەلاّم بە دیاریکراوی ئەو بەشەی قیری شل پێویستە لەو تێستانە دەربچێت کە بەندن لەسـەر پلەی گەرمـا و کەش و هەوای ئەو شـوێنەی کە تیایدا بەکاردەهێنرێـت. لەبەرئەوە ئەو قیرە شلەی کە لە هاوای (ستەیتیکە لە ئەمریکا) بەکاردێت جیاوازە لەگەلّ ئەو قیرە شلەی کە بەکاردێت لە ئالاسکا.

لـە Super pave Performance Grading (PG) System دوو ژمارەی پلەی گەرمـی بەکاردێن، یەکەمیان لە تێکرای حـەوت رۆژ بەرزترین پلەی گەرمی رێگـای قیری بە پلەی سـەدی و دووەمیان دەبێت لە نزمتریـن پلەی گەرمی رێگای قیری بە پلە سـەدی دەبێت. بۆ نمونـە (PG 64-16) تێکرای حەوت رۆژ بەرزترین پلەی گەرمی 64°C وە نزمترین پلەی گەرمـی چاوەڕوانکراوی رێگای قیـری 16°C- دەبێت. ئەم دوو پلەی گەرمیـە هی جادە قیریەکەیە نـەک ئاو و هەوای شـوێنەکە. واتە ئـەم گرەیدەی قیری شـل لـە PG System دەتوانێـت تا پلەی گەرمـی ٦٤°C بەرگری لە دروسـتبونی رۆچـون (Rutting) لـە ژێر لۆدی تایەی سـەیارە بکات کە بەهۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرما دروست دەبێت وە تا پلەی گەرمی 16°C- ژیری سفر بەرگری لە دروست بونی درزی هیلاکی (Fatigue Cracking) بکات کە بەهۆی تەمەنی جادەی قیری لەپلەی گەرمی نزم دا رووەدات. وە جیاوازی هەر گرەیدیـک 6°C (بۆ نمونـە 64, 70, 76, 82°C) کە تائێستا بەرزترین گرید ٨٢°C وە هەمیشە لە ناوچەیەکی گەرم پلەی گەرمی قیرەکـە زیاترە لە پلەی گەرمی ئاو و هاواکەی ئەو شـوێنە. بە پێچەوانەوە، هەمیشە لە ناوچەیەکی سارد پلەی گەرمـی قیرەکە کەمترە لـە پلەی گەرمی ئـاو و هەوای ئەو شوێنە.

پشکنین لەسەر سیفاتی قیری شل

هەر گرەیدیک لە قیری شـل(Bitumen) سـیفاتی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ دۆزینەوەی سیفاتی قیرە شلەکە.

١. Penetration Grade

ئەو تێستانەی لە Penetration Grade بەکاردێن

- Penetration Test
- Softening Point Test
- Ductility Test
- Flash and Fire Point Test
- Thin Film Oven Test
- Viscosity Test
- Loss on Heating
- Specific Gravity
- Solubility Test

١. Penetration Test (AASHTO T 49-84)

ئەم تێسـتە لە سەر یەک نیدلی سـتاندار بناغە دەگرێت کە بە نمونـەی قیرەکەدا رۆدەچێت کاتێک بە کێشـی ١٠٠غم لۆد دەخرێتە سـەری لەمـاوەی ٥ چرکەدا،لە پلـەی گەرمی ٢٥ پلەی سـەدیدا. (یەک یەکەی پینیترەیشن یەکسانە بە ٠,١ملم رۆچـوون بە قیرەکـەدا بە هەمـان نیدل). بۆ ئـەو ناوچانەی کە سـاردن، قیری نەرمتـر بەکاردێت. وە بۆ ئەو شـوێنانەی

کە گەرمـن، قیری پتەو(رەقتر) بەکاردێت بۆ دروستکردنی ڕێگای قیری.

Figure 13 : Penetration test

Figure 14: Penetration test

٢. Softening Point Test (AASHTO T 53-84)

ئەم تێستە بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی نزمترین پلەی گەرمی کە پێویستە بۆ نەرمبونەی قیرەکەو لێکەوتنی بـە پلێتی ژێرەوە. نزیکـەی ٥ غم قیر دەخرێتە ناو دوو حەلقەوە و پاش کاتیکی دیاری کـراو دادەنرێن لەنـاو قاعیدەیەکی تایبەتی ئاسـن و دەخرێنـە ناو کەمولەیەکی شوشـە کە ئاوی سـاردی (5°C) تێدایە بـۆ ماوەیەکی دیاریکـراو دادەنرێـت. یەک گەرمی پیو پێویسـتە لە ناو کەمولەکـە دابنرێت بۆ پێوانەکردنی پلەی گەرمیەکە. ئینجا کەمولە شوشەییەکە دەخرێتە سەر هیتەرێکی ئەلیکترۆنـی و ماوە ماوە پلـەی گەرمی زیاد دەکرێت . ئاوی ناوکەمولەکە کەم کەم گەرمتر دەبێت . وە دەبینرێت قیری ناو رینگەکان دەست بە جوڵە دەکات بۆ خوارەوە و تۆل دەکات. کاتێک قیرەکە بەر پلیتی قاعیدە ئاسـنەکە کەوت ، یەکسەر پلەی سەدی گەرمی پێوەکە تۆمارەکەین بۆ هەردوو نمونەی قیرەکە و کارەکە دەوەستینین.


Figure 15: Softening point test Figure 16 : Softening point test

٣. Ductility Test (AASHTO T 51-86)

ئەم تیستە بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی ڕادەی کشانی قیری شل.

Figure 17: Ductility test

Figure 18: Ductility Samples

نمونەی قیری شل ڕادەکێشـرێت بەخێرایی (ڕێژەی) ٥ سم/ خولـەک (5cm/min.) لە ناو ئاودا بە پلەی گەرمی ٢٥ پلەی سـەدی. کاتێک لەڕاکێشاندا قیرەکە دەپچڕێت دڕێژییەکەی تۆمار دەکرێت . بەم تێستە دەتوانرێت پیشبینی توانایی قیرەکە بکرێت بۆ دروستبونی درز.

٤. Flash and Fire Point Test (AASHTO T 48-84)

ئـەم تێسـتە دەکرێـت بـۆ ئـەوەی بزانرێت لـە چ پلەیەکی گەرمی، قیری شـل دەسـت دەکات بە تیشـک و گرگرتن. ئەمە بە ئاراسـتەی سـەلامەتی زیاترە لە کارگەدا. کارەکە بە گەرمکردنـی گەرمی پێوی نـاو قیری شـل(bitumen) کە بەکارهێنانی ئاگرێـک کە لە دەوری گەرمی پێوەکە جولەی پێدەکرێـت. کاتێـک بینرا کە قیرە شـلەکە ئاگـر دەگرێت یەکسـەر پلەی گەرمی نـاو گەرمی پێوەکە تۆمـار دەکەین و دەبێـت بە خاڵی گرگرتن. نزمتریـن نرخی خاڵی گرگرتن (Flash point) بـە pensky mortens method 175 پلەی سەدیی بۆ هەموو گرەیدەکانی قیری شل


Figure 19 : Flash point test

Figure 20 : Flash point test when bitumen start to flash

٥. Thin Film Oven Test (AASHTO T 179-83)

- بـۆ هەڵسـەنگاندنی تەمەنی بەسـەر چووی قیـر لە ماوەی تێکەڵکردنی لە کارگە
- ئەنجـام دەدرێـت بە ٥٠ غـم نمونەیەک لە قیری شـل وە دادەنرێت لە ناو بۆریەکی (بوتـل) لولەی بنکە تەخت. قوڵی قیری نـاو پان (بوتل) ەکە نزیکەی ٣ ملـم دەبێت. پانەکە بە قیـرەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ قاعیدەیەک (shelf) لـە ناو فرن بـە پلـەی گەرمـی ١٦٣ پلەی سـەدی (163°C). شـیلفەکە دەسـورێنرێتەوە بە ٥-٦ خول لە یـەک خولەکدا و نمونەکە لەناو فرنەکە دەمێنیتەوە بۆ ماوەی پێنج کاژێر.
- پاشـان قیرەکە لـە فرنەکـە دەردەهێنرێـت و دەخرێتە ناو کۆنتەینەرێکـەوە بۆ پێوانەکردنی (penetration or viscosity) ی قیرە تەمەن بەسەر چووەکە.

Figure 21: Thin Film Oven

٦. Viscosity Test (AASHTO T 202-84)

بۆ دۆزینەوەی بەرگریکردنی لە جولانی قیرەکە بە هۆی شل بون.

Figure 22 :Pouring a RV sample

Figure 23: Major RV equipment into the sample chamber.

٧. Loss on Heating (AASHTO T 47-83)

بۆ دۆزینەوەی کێشی وون بووی قیرەکە بەهۆی گەرم کردنەوە.نمونەکە دەخرێتە فرنەوە لە پلەی گەرمی ١٦٣ پلەی سەدی و دەخولێنرێتەوە بۆ ماوەی پینج سەعات. کێشی ونبوو دوای تێستەکە دەدۆزرێتەوە.

A = کێشی بوتلەکە بە بەتالی B = کێشی بوتلەکە بە فیرەوە پێش تێست کردنی

C = کێشی بوتلەکە بە فیرەوە دوای تێست کردنی

Figure 24: Loss on Heating

٨. Specific Gravity (AASHTO T 228-85)

- بریتیە لە بارستایی قیرەکە لە پلەیەکی گەرمی زانراودا بۆ بارستایی یەکسانی قەبارەی ئاو لە هەمان پلەی گەرمی دا
- بەکارهێنانی ڕێگای پیکنۆمیتەر بۆ دۆزینەوەی (SG) ی قیری شل

Figurer 26: HMA samples in three conditions



Figure 27: SSD Method

٩. Solubility Test (AASHTO T 44-85)

- بۆ دۆزینەوەی پاکی و بێ خەوشی قیری شل
- نمونەیەک لە قیری شل بە کێشی زانراو تواوە لە ناو trichloroethylene (chemical compound) وە بپالێورێت لە ناو پارچەیەک فایبر گلاسی نەرمدا. (a glass fiber pad)
- ماددە نەتواوەکە دەمێنێتەوە لەسەر پارچە نەرمەکە دەشورێت، ووشک دەکرێتەوە و کێش دەکرێت. ماددە نەتواوەکە پیسی لە ناو نمونەی قیرەکەدا دروست دەکات.

بەهیز کردنی قیری شل (Asphalt Binder Modifiers)

هەندێ گرەید لە قیری شل پێویست بە بە هێز کردن هەیە بۆ ئەوەی بگاتە ڕەوشی ئەندازیاری. کارکردن لەسەر بەهێزکردنی قیری شل چەندین سال لەمەو پێش ئەنجام دراوە. ئەمڕۆ لە بازاردا ژمارەیەکی زۆر لەو ماددانە دەست دەکەوێت کە بۆ بەهێزکردنی قیری شل بە پێویستن. سودەکانی بەهێزکردنی قیری شل دەتوانێت تەنها تێگەیشتنە بۆ ئاگاداربون لەسەر هەلبژاردنی ماددە بەهێزکەرەکە، هەموو مادە بەهێزکەرەکان گونجاونین بۆ بەکارهێنان. بەگشتی قیری شل پێویستی بە بەهێزکردن هەیە بۆ بەدەستهێنانی چەند جۆرێکی باشتر

- زیادکردنی سیفەتی لاستیکی لە ناو پلەی گەرمی نزم دا
- باشتر بەرگریکردن لە خزین لە ناو پلەی گەرمی بەرزدا
- باشتر بەرگریکردن لە گۆڕینی شێوە لە ناو پلەی گەرمی بەرزدا
- باشتر بونی حالەتی پێکەوە نوسان لەگەڵ ئەگریگەیت
- زیادکردنی خاسیەتی توندبوون لە ناو پلەی گەرمی بەرزدا
- زیادکردنی هێزی بەرگەگرتنی کشان و درێژبون
- سیفاتی هەلنەمژینی ئاوی نایابە

دەتوانرێت مادە بەهێزکەرەکانی قیری شل پۆلین بکەین بۆ ١٠ جۆر.

filler, extender, rubber, plastic, combination, fiber, oxidant, antioxidant, hydrocarbon, anti-stripping

شێوەکانی تری قیری شل کە بۆ ڕاخستن بەکاردەهێنرێن

- Emulsified Asphalt
- Cutback Asphalt
- Faomed Asphalt

Emulsified Asphalt

Emulsified Asphalt بریتیە لە دڵۆپی بچوکی قیری شل لە ناو ئاودا دەمێنەوە. وە ڕێژەی پێوەنوسانی کەمترە لە قیری شل

و دەتوانرێت لە پلەی گەرمی نزمتـر دا بەکاربهێنرێت. دوای عملیەی (emulsion) ، ئاوەکە دەبێت بە هەڵم و قیرە شـلەکە دەمێنێتـەوە. Emulsions زۆرجـار بەکاردەهێنرێت بۆ پرایم کۆت (prim coat) و تاک کۆت (tack coat). Emulsions دەتوانرێت پۆلین بکرێت بۆ سـێ جـۆر بە ناوی (Rapid Set – RS) ئەمـە بەکاردەهێنرێت بە شـێوەی تـاک کۆت (tack coat). (medium set-MS, slow set- SS هەردوکیـان بەکاردەهێنرێن بە شێوەی پرایکم کۆت (prim coat)

Cutback Asphalt

بریتیە لە تێکەڵبونی قیری شـل و پەترۆڵـی تونێنەرەوە. وەک (emulsions, cutbacks) بەکاردێـن چونکـە رێـژەی پێکەوەنوسـانیان نزمترە لە قیری شـل وە دەتوانرێت لە پلەی گەرمی نزمتر بەکاربهینرێن. لەدوای عەمەلیەکە تونێنەرەوەکە دەبێتە هەڵـم و قیرە شـلەکە دەمێنێتـەوە. Cutbacks، ئەمرۆ زۆر کەمـە چونکە پەترۆلی تونێنەرەوە زۆر گرانبەها دەسـت دەکەوێـت بە بـەراورد لەگـەڵ ئـاو وە دەتوانێـت کار لە ژینگەش بـکات. Cutbacks بەکاردەهێنرێن بۆ پرایم کۆت و تاک کۆت. Cutbacks دەتوانرێت پۆلێن بکرێت بۆ سـێ جۆر بە ناوی (rapid curing – RC) ئەمە بەکار دەهێنرێت بۆ تاک کـۆت (medium curing-MC, slow tack coat). (curing- SC هەردوکیـان بەکاردەهێنرێن بۆ پرایکم کۆت (prim coat)

References/ سەرچاوەکان

1. Roberts, F. L., Kandhal, P. S., Brown, E. R., Lee, D. Y., & Kennedy, T. W. (1996). Hot mix asphalt materials, mixture design and construction.

2. Hainin, M. R., Yaacob, H., Ismail, C.,(2012) Highway Engineering lecture Notes Faculty of Civil Engineering, University Technology Malaysia (UTM) Edition 2012/13

3. http://www.pavementinteractive.org/category/ testing, Pavement, Materials, and HMA Pavement

4. American Society for Testing and Material, ASTM D5 / D5M – 13 (2013) Standard Test Method for Penetration of Bituminous Materials. Philadelphia, USA.

5. American Society for Testing and Material, ASTM D36 / D36M – 12 (2012).Standard Test Method for Softening Point of Bitumen (Ring-and-Ball Apparatus). Philadelphia, USA.

6. MS, BS, ASTM, AASHTO

فڕینی چاڕۆکەیی
Glider Flying

ئەندازیار / طاهر عبدالله قادر
بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

پێشەکی :

فڕۆکەی چاڕۆکەدار: فڕۆکەیەکە کێشی لە هەوا قورسترە بەجۆرێک دیزاین کراوە کە بتوانێت بەرزبێتەوە بەهێزی سروشتی واتە [کاردانەوەی هەوا لەسەر ڕووکەشی فڕۆکەکە] و لە خوارەوە لەسەر هەر یەک لەو هێزانە کورتەیەک دەنوسین .

دوای تەواو بوونی جەنگی جیهانی دووەم جۆرە وەرزشێکی تایبەت پەیدا بوو لەسەر فڕۆکەی چاڕۆکەدار ئەوکاتەی ئەڵمانیەکان لە ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٣٠ هەستان بە دیزاین کردنی فڕۆکەیەکی پێشکەوتووی چاڕۆکەدار کە بەخێرایەکی زۆرتر و بەرزیەکی بڵندتر دەیتوانی بفڕێت لە ساڵی ١٩٣٧ ژمارەی ئەو فڕۆکەوانانەی کە دەیان توانی فڕۆکەی چاڕۆکەدار لێخورن گەیشتە [٥٠٠٠٠] پەنجا هەزار فڕۆکەوان و لەساڵی ١٩٢٠ یەکەم پێشبڕکێ بەو جۆرە فڕۆکەوانە ڕێک خرا و باشترین فڕۆکەوان توانی بە ماوەی [٢] خولەک ٢ کلم بفڕێت و وورد وردە ئەم جۆرە فڕۆکەوانیە پێشکەوت و لە ساڵی ١٩٣٩ فڕۆکەوانێکی ڕوسی تۆانی ماوەی ٧٤٨ کیلۆمەتر بەوجۆرە فڕۆکەیە بفڕێت.

پێشکەوتنی ئەم جۆرە فڕۆکەیە وای کردووە ئەو دووریانە کە دەتوانرێت بیگەنێ گەیشتە ١٠٠٠کلم لە ساڵی ١٩٦٤ و کۆمپانیاکان کەرەستەی تازەیان بە کارهێنا بۆ دروست کردنی فڕۆکەکە وەکو [فایبر گلاس] هەروەها بەکارهێنانی ئامێری ئەڵکترۆنی و سیستمی دیاریکردنی پێگەی جیهانی [GPS] لەگەڵ پێشکەوتن لە بواری پێشبینی بارودۆخی کەش ناسی و تێگەیشتن لە دیاردە کەش ناسیەکان بوونەتەیارمەتی دەر بۆ بڕین و فڕینی ماوەی درێژتر.

دووجۆر فڕۆکەی چاڕۆکەدار هەیە:

جۆری یەکەم: کە هیچ بزوێنەرێکی تێدانیە بەڵام پێویستی بە یارمەتیدەرێک هەیە بۆ بەرزبونەوە لە زەوی و پێویستە سەرچاوەیەکی هەوایی سروشتی وا هەبێت کە یارمەتی بدات بۆ بەرزبونەوە بۆ بڵندیە زۆرەکان و مانەوەی زۆر لە ئاسماندا.

جۆری دووەم: ئەو فڕۆکە چاڕۆکەدارانەیە کە بزوێنەرێکی بچوکی لێ دەبەستێت یارمەتی بەرزبونەوەی ئەدات بۆ مانەوەی لە ئاسماندا بۆ کاتێکی زیاتر ئەم جۆرە پێی دەوترێت [Motor – Glider] بەڵام ئەو بزوێنەرانە وا دیزاین کراون کاتێک کە فڕۆکەکە دەگاتە بەرزیەکی دیاری کراو یان کە بەرزئەبێتەوە لە زەوی لەلایەن کابتنی فڕۆکەکەوە دەکوژێنرێتەوە .

لەسەرەتادا ئەم جۆرە فڕۆکانە وا دیزاین کرابوون کە لەسەر بەرزایی شاخ و گردەکانەوە دەفڕێنران بۆ چەم و دۆڵەکان

بـەلاّم دوای پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیا توانرا وا لـەم فرۆکانە بکرێت کە بۆ بەرزیـە زۆرەکان بفرێت و ماوەیەکی زیاتر لە ئاسماندا بمێنێتەوە بە سوود وەرگرتن لە دیاردە کەش ناسی و هەوا سروشتیەکان.

چەندین جۆر لەم فرۆکانە هەن کە لە ئەورووپا بەکاردەهێنرێن و مۆلەتی بەکارهێنانیان پێدەدرێت لە پێشبرکێی فرۆکەوانیدا و لە خوارەوە چەند جۆرێک لەم فرۆکانە روون دەکەینەوە:

أ- جۆری پێوانەیی – ماوەی نێوان کۆتایی باڵەکانی ١٥ مەترە.

ب- جۆری ١٨م – ماوەی نێوان کۆتایی باڵەکانی ١٨ مەترە.

ت- جـۆری کـراوە – هیچ سـنورێکی دیاری کـراو نیە بۆ مـاوەی نێوان کۆتایی باڵەکانی و دەکرێت ماوەکە تا ٨٥ مەتر بێت و ئەوپەری کێشەکەشی ٨٥٠ کیلۆگرام بێت.

پ- فرۆکەی دوو کەسـی - سنوری ماوەی پێوانی کۆتایی باڵەکانْ ٢٠مەتر بێت.

[فرۆکەی چارۆکەدار چۆن کاردەکات]

بنەمـای کارکردنـی ئـەم جـۆرە فرۆکەیـە هەمـان بنەمای فرۆکەکانـی تـرە کە هێزی بەرزبونەوەی بەهۆی باڵەکانیەوەیە کـە لە ئەنجامی جوڵەی فرۆکەکەوە دروسـت ئەبێت و تەنها جیاوازیەک لە نێوان فرۆکەی چارۆکەدار و فرۆکەی ئاسایی ئەوەیە ئەم جۆرە لە فرۆکە هیچ بزوێنەرێکی نیە و تەنها پشت بەهێزی سروشتی دەبەستێت بۆ فرین.

وێنەی ژمـارە [١] بەشـەکانی فرۆکە و کۆنترۆڵ و شـوێنی لێخورینـی فرۆکەکـە نیشـان دەدات کە تیایـدا فرۆکەوان دەتوانێت ئاراستەی فرۆکەکەی بکات.

بەشەکانی فرۆکەی چارۆکەدا

وەکو فرۆکەی ئاسایی ئەم بەشانە لە خۆ دەگرێت:

- لاشەی فرۆکەکە
- باڵەکانی فرۆکەکە
- بەشی لێخورین و کۆنترۆڵ
- تایەی دابەزین.



وێنەی 1 بەشەکانی فڕۆکەی چارۆکەدار

١. لاشەی فرۆکەکە: ئەو بەشەیە کە باڵ و کلکی فرۆکەکەی پێوە دەبەسـترێت هەروەها شـوێنی کابتنی فرۆکەوانەکەشی تێدایە،کەرەستەی دروست کردنی لاشە دەکرێت تەختەبێت یان ئەلەمنیۆم بێت یان فایبرگـلاس بێت یان تێکەڵەیەک لەو کەرەستانە بێت.

ئەم جـۆرە فرۆکانە تا دەکرێت بچوک و سـوک بێت لەبەر ئـەوەی بزوێنەریان نیـە دەکرێت بـە قەبارەی ئەو کەسـانە دروست بکرێن کە هەڵیان دەگرێت کەسێک یان دووکەس. وا لاشـەکە دیزایـن دەکرێـت کـە بێ‌پێچ و پەنـا بێت واتە لەسەر شـێوەی [ماسی] بێت یان شێوەی لاشەی بالندە بێت بۆ ئەوەی بتوانرێت بە ئاسـانی لە هەوادا بروات ، لە کۆندا تەختە بەکاردەهێنـرا بۆ دروسـت کردنی فرۆکەکـە دوایی بوو بە ئەلەمنیۆم و فرۆکە نوێکان ئێستا زیاتر بە فایبرگلاس دروست دەکرێت.

٢. باڵەکانی فرۆکەکە: باڵی ئەم جۆرە لە باڵی فرۆکەی ئاسایی ئەچێت بەڵام درێژتر و تەسـک تـرە، ئەمەش وادەکات باڵی فرۆکـەی چارۆکـەدار باشـتر و کاراتربێت بـۆ فرین واش دێزاین کراوە کە شـیاوبێت بۆ فرین و بەشەکانی کۆنترۆڵ و لێخورینی پێوە لکێنراوە [Control surfaces] کە یارمەتی فرۆکەوانەکە ئەدات بۆ ئاراستەکردنی فرۆکەکەی بۆ سەرەوە و خوارەوە و ڕاست و چەپ.

٣. بەشەکانی کۆنترۆڵ و لێخورین[Control Surfaces]

ئەو بەشـانەیە کە نوسـاون بەباڵ و کلکی فرۆکەکە و بەهۆی جوڵەی ئەم بەشـەوە دەتوانرێت بەرز و نزم و ڕاست و چەپ بەفرۆکەکە بکرێت لە کاتی فرینداٍ.

و ئەو پارچانەش کـە لە باڵەکانی بەسـتراون پێیان دەوترێت [پەڕەکە] و ئەو پارچانەش کە بەکلکی فرۆکەکەوە بەستراون پێیان دەوترێت شـانەک و بەرزکەرەوە و ئەم پارچانە گەورە و بچوکـی یان جیـاوازە بە جیـاوازی قەبـارەی فرۆکەکە، ئـەم پارچانە یارمەتی فرۆکـەوان ئەدات لە کاتـی فرینداٍ بۆ بەرزبونەوە یان نیشتنەوە.

٤. بەشـەکانی کۆنترۆڵ و لێخوریـن ئەمانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

- پـەڕەک [Aileron]: ئـەو بەشـە جوڵاوەیـە کەلەسـەر باڵی چەپ و ڕاسـت بەسـتراون لـە بەشـی دواوەی باڵەکان جێگیرکراون کە دەتوانرێت بۆ سـەر و خـوار بجوڵێنرێت بۆ گۆڕینی ئاراسـتەی فرۆکەکە بە ڕاسـت و چـەپ، پەڕەکی ڕاسـت بە پێچەوانەی پەڕەکی چەپ دەجوڵێت واتە پەڕەکی ڕاسـت بۆ سـەرەوە بجوڵێـت پەڕەکی چەپ بـۆ خوارەوە دەجوڵێن .

وێنەی 2 پەڕەکی فڕۆکەکە

• لەنگەر [Elevator]: ئەو بەشە ئاسۆیی یە کە بە کلکی فرۆکەکەوە بەستراوە و لە شێوەی بالدایە و بۆسەر و خوار دەجولێت بەکاردەهێنرێت بۆ بەرزکردنەوە و نزم کردنەوەی پێشی فرۆکەکە و ئەم بەشە کەوتۆتە بەشی سەرەکی کلک یان لە ناوەڕاستی کلک.

وێنەی 3 ڕووی هاوسەنگ ناڕاستەی پێش فڕۆکەکە بۆ سەر و خوار

• شانەک [Rudder]: ئەو بەشە ستونیە کە بە کلکی فرۆکەکەوە بەستراوە و بەلای ڕاست و لای چەپدا ئەجولێت و پاڕاستنی پێشی فرۆکەکە لەسەر ئاراستەیەک دەکات لەگەل پەرەکی فرۆکەکە بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕینی ئاراستەی فرۆکەکە .



وێنەی 4 – شانەک – ناڕاستەکردنی پێشی فڕۆکەکە بۆ ڕاست و چەپ

٥. کابینەی لێخورین : شوێنێکی داخراوی بچوکە کە جێگای کەسێک یان دوو کەس دەبێتەوە ئەم ئامێرانەی تێدایە:
• ئامێری پێوانەی بڵندی Altimeter.
• گێچی خێرایی Speed Indicator.
• ئامێری پەیوەندیەکان Radio Communication.

وێنەی 5 فڕۆکەی چارۆکەداری

وێنەی 6 فڕۆکەی چارۆکەداری دوو شوێنگە

وێنەی 7 کابینەی لێخورین

چۆن ئەم فرۆکەیە لە ئاسماندا ئەفڕێت:
بەپێی یاسای نیوتن هەر فرۆکەیەک [ئاسایی بێت یان چارۆکەدار بێت] پێویستی بە هێزێک هەیە یەکسان بێت و پیچەوانەی بە کێشی فرۆکەکەبێت لە ئاراستەدا.

وێنەی 8 هێزی بەرزکردنەوە و کێش

تا بۆ فرۆکەیەک بتوانێت هێزێک پەیدا بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی پێویستە فشاری هەوایی ژێر باڵەکانی فرۆکەکە گەورەتر بێت لە فشاری سەر باڵەکان، بەڵام ئەمە چۆن ڕووئەدات ؟

وەڵامەکەی بەپێی یاسایی برنولی [Beroonoulli]:
کە زانای سویسری برنولی لە سەدەی هەژدەهەم توانی یاسایەک دابنێت کە ئەڵێت [تا خێرایی هەوا زیاد بێت فشارەکەی کەم دەبێتەوە] و ئەم یاسایە بوە بەبنەما لە دیزاینی باڵەکانی فرۆکەکاندا کە بەکاردەهێنرێت بەشێوازێک ڕووی سەرەوەی باڵی فرۆکەکان قوڕتر و ڕووی ژێرەوەی باڵەکان ڕێکن وەکو لە وێنەی – ٩ – دا ڕوونکراوەتەوە وەهۆکاری ئەم جۆرە دیزاینە ئەوەیە کاتێک هەوا ئەدا بە ڕووی پێشەوەی باڵی فرۆکەکان بەشێکی هەواکە ڕوو لە ژێر باڵەکان ئەروات دەکات و بەشەکەی تری بۆ سەرەوەی باڵەکان و خێرایەکەی لەسەر ڕووی سەرەوەی باڵەکان زیاد دەکات و فشارەکەی کەم دەبێت بەڵام خێرایی هەوا لە ژێر باڵەکاندا وەک خۆی ئەمێنێتەوە چونکە ڕاست و ڕێکە هیچ پێچ و پەنا و بەرگریەک نیە لەبەردەم ئاراستەکەیدا بۆیە فشارەکەی ناگۆڕدرێت.
بەپێی یاسایی برنولی تا خێرایی هەواکە زیادبێت فشار کەم دەبێت و فشارلە ژێرەوە زیاترە ئەمەش فاکتەرێکی سەرەکی یە بۆ بەرزکردنەوەی باڵەکان بۆسەرەوە و لە ئەنجامدا بەرزکردنەوەی فرۆکەکە.



وێنەی 9 وردی هەوا لەسەر باڵەکان بەخێرایەکی زیاتر لە خێرایی هەوا لەژێر باڵەکان

ئەو ڕێگایانەی فڕۆکەی چاڕۆکەدار ئەفڕێنێت:

هەستیار ترین قۆناغ لە قۆناغەکانی فرینی ئەم جۆرە فڕۆکەیە قۆناغی سەرەتایی فرینەکەیەتی سەبارەت بەسەلامەتی فڕۆکەکە لە کاتێکدا سەلامەتی سەرنشین و فڕۆکەکە لە پێشەوەی هەموو شتێکە کە پێویستە ڕەچاوبکرێت ، چەند ڕێگایەک هەیە بۆفراندنی فڕۆکەی بێ بزوێنەر بەڵام بنەمای هەموو ڕێگاکان ڕاکێشانی فڕۆکەکەیە بە گوریسێک [حبل] تا دەگاتە بەرزایەک کە بتوانێت بفرێت بێ ڕاکێشان و فڕۆکەوانی ئەم جۆرە فڕۆکانە پێویستە زانیاری و شارەزایی تەواوی هەبێت لەسەر بەکارهێنانی ئەم فڕۆکانانە بەم ڕێگایانە و هەر وڵاتێک ڕێکار وڕێسای تایبەت دائەنێت بۆ پێدانی مۆڵەتی فڕۆکەوانی فڕۆکەی چاڕۆکەدار وەک وڵاتەیەکگرتوەکان و کندا .

ڕاکێشانی فڕۆکەکە لە هەوادا بەهۆی فڕۆکەیەکی تڕەوە [Aero tow]

لەم ڕێگایەدا فڕۆکەیەکی بچوک کە بە بزوێنەرێک ئەفڕێت هەڵ ئەستێت بە ڕاکێشانی فڕۆکە چاڕۆکەدارەکە بەهۆی گوریسێک [حبل] درێژیەکەی تا ٢٠٠م ئەبێت ڕاکێشانەکە بەردەوام ئەبێت تا فڕۆکەکە ئەگاتە بەرزیەکی گونجاو ئەو کات گوریسەکەی لێ ئەکرێتەوە و فڕۆکەکە بۆ خۆی ئەفڕێت ئەم ڕێگەیە پێی ئەوترێت ڕاکێشانی هەوایی [Aero tow] بروانە وێنەکانی [١٠ ، ١١ ، ١٢، ١٣ ، ١٤] ئەم جۆرە فرینە پێویستی بە هەماهەنگیەکی تەواو هەیە لەنێوان فڕۆکەوان و دەستەی زەمینی کە پێک هاتووە لە کەسێک ڕێنمایی ئەدات بە فرین یان وەستان هەروەها کەسێکی تر لەسەرەتای ڕاکێشانەکە لەگەڵ فڕۆکەکەدا ئەروات وپێیئەوترێت [Wing Runner] و ئیشی ئەم کەسە بەرزکردنەوەی بالی فڕۆکەکەیە لە حاڵەتی ئاسۆییدا و ڕاکردن لەگەڵ فڕۆکەکە تا ماوەیەکی کەم تا پارێزگاری لە فڕۆکەکە بکات لە پێاکێشانی بە زەویدا لەم پڕۆسەیەدا پێویستە ئەو کەسانەی هەڵ ئەسن بەم کارە شارەزای تەواویان هەبێت لە ڕێنمایی ڕاکێشان و نیشانەکان ، ڕاوێژکردن بە دەستەیەکی زەمینی شارەزا لەم پڕۆسەیەدا پێویستە بۆ سەرکەوتنی کارەکە.

لە قۆناغی پێش فریندا هەردوو فڕۆکەوانی هەردوو فڕۆکەکە لەسەر پلانی فرینەکە ڕێک دەکەون و دڵنیایی وەردەگرن کە فرگەکە خاڵیە لە فڕۆکەی تر و ئۆتۆمبیل و یان هەر بەربەستێکی تر.

هەر ئەوکاتەی فڕۆکەکان ئامادەبوون بۆ فرین فڕۆکەوانی فڕۆکەی چاڕۆکەدار ڕێنمایی دەرئەکات بۆ فرین و فڕۆکەکە دەست ئەکات بە جموجۆڵ و ئەو کەسەی کە بەرپرسیارە لەڕاکردن [Wing Runner] هاوسەنگی فڕۆکەکە ڕادەگرێت و بالی فڕۆکەکە بەشێوەیەکی ئاسۆیی ڕائەگرێت و ڕائەکات بۆ ماوەیەکی کورت بۆ ئەوەی فڕۆکەکە نەدا بەزەویدا، لەم کاتەدا فڕۆکەوانی فڕۆکە چاڕۆکەدارەکە پێویستە زۆر بە ئاگابێت لە کۆنترۆڵ کردنی لەو بەرزیە کەمەدا چونکە هەر کەم و کوریەک ڕووبدات ئەبێتە هۆی کارەسات. قۆناغی ڕاکێشان بەردەوام ئەبێت تا ئەگاتە بەرزی دیاری کراو ئەو کات کابتنی چاڕۆکەدارەکە گوریسەکە لە فڕۆکەکەی جیائەکاتەوە و فڕۆکەکە لەنگەر ئەگرێت ، لە مێانی قۆناغی ڕاکێشان لەسەر فڕۆکەوانی چاڕۆکەدارەکە پێویستە یان بەرزتر لە فڕۆکەی تر یان نزمتر لە فڕۆکەکەی تر بفرێت بۆ بەرگرتن لەو گێژەڵۆکەیەی کە لە دوای فڕۆکەی پێشەوە دروست ئەبێت ، لە ئسترالیا وا بریاردراوە کە بەرزتربێت لە فڕۆکەی پێشەوە لە امریکا و اوروپا بریارە کە نزمتربێت لە فڕۆکەی پێشەوە ، بۆ گەشتی بەرزی ٢٠٠م کورسیەکەی لێ ئەکەنەوە و بەسەربەستی ئەفڕێت [Free Flight] .

وێنەی 10 ڕاکێشانی فڕۆکەکە بۆ سەر فرگە (Runway)

وێنەی 11 بەستنی گوریسەکە بۆ ڕاکێشان

وێنەی 12 فرین بە ڕاکێشان بەهۆی فڕۆکەیەکی بزوێنەدار

وێنەی 13 هاوسەنگی بانەکان لەسەر تایەکان



وێنەی 14 پاش فرین و دەمانی پێویست بۆ گوریسەکە

ئەم خاڵانەی خوارەوە قۆناغەکانی فرینی چاڕۆکەدارەکان ڕوون دەکاتەوە:

١. چۆڵ کردنی ناوچەکە: دوای بەستنی فڕۆکەکە بە فڕۆکە بچوکەکەوە پێویستە دەستەی ڕێک خەر دڵنیابێت لە چۆڵی ناوچەی دەوروپشتی فڕۆکەکە لە کەس و ئۆتۆمبیل یان هەر شتێکی تر بە تایبەت ئەو کەسە نزیکانەی هەڵ ئەسن بە وێنەگرتنی فرینەکە و تەنها ئەو کەسە بمێنێتەوە کە هەڵدەستێت بە هاوسەنگ کردنی فڕۆکەکە و هەڵگرتنی باڵەکانی لە بوونی هەر کەسێکی تر یان شتێکی تر لە کاتی فرینەدا پێکدادان ڕوونەدات و زیان دروست نەبێت لەم قۆناغەدا کابتنی چاڕۆکەدارەکە پێویستە ڕێنمایی لە دەستەی زەمینیەوە وەربگرێت و دەستەی زەمینیش بە نیشانەی تایبەت یان ئامێری بێتەل پەیوەندی یەکان دروست ئەکات.

٢. تێستی فڕۆکەکە: دەستەی زەمینی هەڵ ئەستێت بە چێک کردنی هەموو بەشەکانی فڕۆکەکە وەک باڵ و شوێنە گرنگەکانی تر بۆ دڵنیا بوون لە دروستی فڕۆکەکە و نەبوونی هیچ کەم و کوڕیەک کە ڕێگربێت لەبەردەم فرینەکەدا.

٣. ڕوپێوی ناوچەی فرینەکە: دەستەی زەمینی هەڵ ئەستێ بە چاودێری ئاسمان و ناوچەی فرینەکە بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی ناوچەکە خاڵیە لە فڕۆکەی تر ئەو کات ڕێنمایی دەر ئەکات بۆ فڕۆکەوان کە ناوچەکە خاڵیە یان ئەگەر فڕۆکەیەکی تر لە ناوچەکە هەبوو ئاگاداری فڕۆکەوانەکە ئەکرێت کە بەئاگابێت تافەرمانی دوایی تر .

٤. فڕۆکەوان لەم قۆناغەدا [O.K]ئەدا بە دەستەی زەمینی کە ئامادەیە بۆ فرین .

٥. دەستەی زەمینی نیشانی فڕۆکەوان ئەدات کە دەست بکەن بە ڕاکێشان [Tow pilot] بۆ ئامادەکاری فرین.

فرین:

کاتێک فڕۆکەوان ئامادەبوو بۆ فرین نیشانەی خۆی ئەدات بە دەستەی زەمینی و ئەم دەستەیە بەرپرسیارە لە دڵنیابوون لە چۆڵی ناوچەکە لە فڕۆکەی تر یان شتی تر چونکە گۆشەی بینینی فڕۆکەوانەکان زۆر کەمە کە ناتوانن دەوروبەر ببینن و پشت بە دەستەی زەمینی ئەبەستن بۆ دڵنیا بوون لە ناوچەکە لەم کاتەدا دەستەی زەمینی هەڵدەستێت بەڕێنمایی فڕۆکەوان کە قۆناغی ڕاکێشان دەست پێ دەکات [ئابێت گوریسەکە خاوبێت لە کاتی ڕاکێشاندا].

ئەو کەسەی کە بەرپرسە لە هاوسەنگی باڵی فڕۆکەکە پێویستە بەخێرایی لەگەڵ فڕۆکەکەدا ڕابکات تا وەرگرتنی ڕێنمایی لە فڕۆکەوان کە فڕۆکەکە گەیشتۆتە بەرزی شیاو و ئەوسا فڕۆکەکە بەرئەدات.

بەرپرسیارێتی ئەو کەسەی هاوسەنگی باڵەکان ڕائەگرێت زۆرە وپێویستە کەسەکە شارەزایی و پسپۆری هەبێت سەبارەت بە ئاراستەی با و خێرایەکەی چونکە با کاریگەری هەیە بۆ ئاراستە و خێرایەکەی.

سەیری وێنەکانی [١٠ – ١١ – ١٢ – ١٣ – ١٤]بکە.

[التسلق] هەڵگەران بەهۆی فڕۆکەیەکی تر هوە [Aero tow] [Climb – out]

دوای فرین لەسەر فڕۆکە چاڕۆکەدارەکە بۆ بەرگرتن لە گێژەڵوکەی هەوایی فڕۆکەکەی پێشەوە پێویستە یەکێک لەم ڕێگایانە هەڵبژێرێت.

- فرین بەرزتر لە بەرزی فڕۆکەکەی پێشەوە [ڕاکێشەر].
- فرین نزمتر لە بەرزی فڕۆکەکەی پێشەوە [ڕاکێشەر].



وێنەی 15 فرین لەسەر گێژەڵوکەکەیان یان لە ژێرەوە

چۆن فڕۆکەکە لە ئاسماندا لە گوریسەکە ئەکرێتەوە:

دوای ئەوەی فڕۆکەوانی فڕۆکەچاڕۆکەدارەکە دڵنیا بوو کە فڕۆکەکە گەیشتۆتە بەرزیەکی تەواو گونجاو هەڵ ئەسێت بە بەردانی گوریسەکە و پێویستە بە چاو ببینێت کە گوریسەکە لە فڕۆکەکەی کراوەتەوە ئەو کات بە گۆشەیەکی ٩٠ پلە سوڕانەخوات بەلای ڕاستدا بۆ ئەوەی لە فڕۆکەکەی تر

وێنەی 16 بەردانی گوریسەکە لە فڕۆکەکە

دووربکەوێتەوە ئینجا فڕۆکە کەی تر بەلای چەپدا ئەسوڕێتەوە [وێنەی ١٦ – ١٧]



وێنەی 17 قۆناغەکانی لێکبوونەوەی هەردوو فڕۆکەکە و بەردانی گوریسەکە

ئەو نیشانانەی فڕۆکەی چاڕۆکەیی بەکاریان دەهێنێت:

چەند نیشانەو ئاماژەیەک هەیە کە فڕۆکەوان بەکاریان دەهێنێت بەمەبەستی هەماهەنگی و بەردەوام بوونی پەیوەندی لە نێوان فڕۆکەوان و دەستەی زەمینی یان فڕۆکەی ڕاکێشەر.

دوو جۆر نیشانە هەیە ؟

جۆری یەکەم – ئەو نیشانانەن کە لە نێوان فڕۆکەوان و دەستەی زەمینی بەکاردەهێنرێت [وێنەی – ١٨ –]

جۆری دووەم – ئەو نیشانانەن کە لە ئاسماندا لە نێوان هەردوو فڕۆکەوانی فڕۆکەکاندا بە کاردەهێنرێت [وێنەی – ١٩ –].



وێنەی 18 نیشانە بەکارهێنراوەکانی دەستەی زەمینی



وێنەی 19 نە ئاسماندا فڕۆکەی ڕاکێشەر ئاماژە بە لێکردنەوەی گوریسەکە ئەدات بە فڕۆکەکە بە جوڵاندنی باڵەکانی بۆ سەر و خوار

ڕێگای دووەم بە بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی وینچ [Winch]

ئەم ڕێگایە بەشێوەیەکی فراوان بەکار دەهێنرێت بە بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلێکی تایبەت کە بۆ مەبەستی ڕاکێشانی فڕۆکەکان کراوە [وێنە ٢٠] لەم ڕێگایەدا ئۆتۆمبێلێکی بەهێز بەکار دەهێنرێت کە گوریسێکی پێوەیە لەسەر خلۆکێک [چەرخێک] بەستراوە هەل ئەستێت بە ڕاکێشانی فڕۆکەکە بە خێرایەکی زۆر دەگاتە بەرزی ٤٠٠ تا ٧٠٠ م ئەوکات گوریسەکە بەر ئەدرێت بەم شێوەیە فڕۆکەکە دەتوانێت بگاتە بەرزی ٩٠٠ تا ٣٠٠٠ م وە بەپێی ئەو بایەی کە هەیە [پێچەوانەی ئاراستەی فڕۆکەکەیە تا خێرایی باکە زیاتر بێت هێزێکی بەرزبوونەوە زیاتر ئەدات بە فڕۆکەکە].

لەکاتی ڕاکێشاندا پێویستە خێرایی ڕاکێشانەکە شیاو بێت تا فڕۆکەکە بتوانێت بەرزبێتەوە کە نابێت خێرایەکە لە خێرایی دیاری کراو زیاتر بێت.

هەندێ نیشانە هەن کە فڕۆکەوان و ئۆتۆمبێلەکە لە نێوان یەکتردا بەکاریان دەهێنێنن بۆ زیادکردنی یان کەمکردنی خێرایی ڕاکێشانەکە.

لە کاتی ڕاکێشاندا ئۆتۆمبیلەکە بە بەکارهێنانی هێزێکی زۆر فڕۆکەکە ڕائەکێشت تا گۆشەی فڕۆکەکە دەگاتە ٣٠ پلە لە ڕووی زەویەوە ئینجا هێزی ڕاکێشانەکە کەم دەکرێتەوە تا گۆشەکە ئەبێت بە ٧٠° پلە ئەوسا گوریسەکە بەرئەدرێت [وێنەی ٢١ – ٢٢ – ٢٣].

ئەم ئۆتۆمبیلە تا ڕادەیەک نرخەکەی هەرزانە و ئەو بەرزیەی کە فڕۆکەکە ئەیگاتی بە هۆیەوە کەمترە لەو بەرزیەی کە بەهۆی فڕۆکەی ڕاکێشەرەوە ئەبێ وە لەبەر ئەوەی ماوەی مانەوەی فڕۆکەکە بەم جۆرە ڕاکێشانە لە ئاسماندا کەمترە مەگەر فڕۆکەوانەکە بەشارەزایی خۆی بتوانێت سەرچاوەیەکی سروشتی لە ئاسماندا بدۆزێتەوە بۆ بەرزبونەوەی زیاتر و مانەوەی زیاتر لە ئاسماندا دوای لێکردنەوەی گوریسەکە.

ئەو خێرایەی کە فڕۆکەکان ئەیگاتێ ٢٠٣کلم / لە کاتژمێرێکدا بۆ ماوەی ١٠٠٠کلم سالانەش ژمارەی نوێ تۆمار ئەکرێت.

وێنەی 20 ئۆتۆمبیلی راکێشانی فڕۆکەی چارۆکەیی (winch)



وێنەی 21 قۆناغەکانی فڕینی فڕۆکەی چارۆکەی



وێنەی 22 قۆناغەکانی فڕاندنی فڕۆکەی چارۆکەیی بەهۆی ئۆتۆمبیلی ونچ (winch)

وێنەی 23 لێکردنەوەی فڕۆکەکە لە گوریسەکە

وێنەی 24 فڕۆکەکە لە ئاسماندا پێش لێکردنەوەی گوریسەکە

خێرایی راکێشانی فڕۆکەکە زۆر گرنگە بەرادەیەکی گونجاو بۆ دابین کردنی راکێشانێکی سەلامەت ، وێنەکانی خوارەوە کاریگەری خێرایی بۆ فرینی فڕۆکەکان نیشان ئەدات ، بەلام هەر جۆرە فڕۆکەیەکی چارۆکەیی خێرایەکی دیاری کراوی گونجاوی هەیە کە لە بروانامەکەیدا جێگیر کراوە، لە کاتی بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل بۆ راکێشان پێویستە رێکەوتنێکی پێش وەخت هەبێت لە نێوان فڕۆکەوانی فڕۆکەکە و شۆفێری ئۆتۆمبیلەکە لەسەر خێرایەکە پێش دەستکردن بە فرین [وێنەکانی – ٢٥ – ٢٦ – ٢٧].

وێنەی 25 خێرایی راکێشانی دروست – فڕۆکەکە هەڵ نەگرێت بە سەلامەتی

وێنەی 26 خێرایی راکێشانی زۆر بەرز – فڕۆکەکە بەم خێراییە ناتوانێت هەڵبگرێت چونکە خێرایەکەی زیاترە لە خێرایی ڕێگە پێدراو

وێنەی 27 خێرایی راکێشانی زۆر نزم – فڕۆکەکە بەم خێراییە ناتوانێت هەڵگەرێت چونکە ئاگاتە خێرایی تەواو بۆ فرین

ئەو فڕۆکە چاڕۆکەیانەی کە بزوێنەرێکی بچوکیان لەسەر بەستراوە [Motor – glider]:

هەندێک لەو فڕۆکەتازانە بزوێنەرێکی بچوکیان لەسەر بەستراوە [وەک پانکەی بچوک] کە یارمەتی فڕۆکەکە ئەدات بۆ فڕین و مانەوە لە ئاسماندا بۆ ماوەیەکی درێژتر و ئەم بزوێنەرانە وا دیزاین کراون کە تا ئەو کاتە کارئەکەن کە فڕۆکەکە دەگاتە بەرزیەکی شیاو ئەو کات کابتنەکە بزوێنەرەکە دەکوژێنێتەوە و ڕای ئەکێشێتەوە بۆ ناو فڕۆکەکە و دوای ئەوە فڕۆکەوان لەو بەرزیەدا پشت بەسەرچاوەی سروشتی ئەبەستێ بۆ مانەوە لە ئاسماندا.

وێنەی 28 بزوێنەری پانکەیی کە دەتوانرێت بکوژێنرێتەوە و ڕابکێشرێتە ناو فڕۆکەکە دوای فڕین

وێنەی 29 فڕۆکەی چاڕۆکەیی جۆری (DG-808B) زۆر پێشکەوتوو

وێنەی 30 فڕۆکەی چاڕۆکەیی جۆری (ASH-26E)

-بزوێنەرێکی هەیە یارمەتی ئەدات بۆ فڕین بۆ ماوەیەکی زۆر
- پێویستی بە یارمەتی دەرەوە هەیە بۆ ڕاکێشانی هەوایی یان ئۆتۆمبێلی وینچ و بزوێنەرەکە وا دیزاین نەکراوە کە بۆ فڕین بەکاربهێنرێت

گیرەکان [Wheel Breaks] [استوپ]

گیرەکان بە ئاسایی لەسەر تایەکان دائەنرێن یارمەتی فڕۆکەوان ئەدات فڕۆکەکەی هێواش بکاتەوە یان فڕۆکەکەی ڕابگرێت لە کاتی نیشتنەوە، جۆری گیرەکان دەگۆڕێت بە گوێرەی جۆری فڕۆکەکان بەڵام بەگشتی گیرەکان هەر وەکو گیرەی [استوپی] ئۆتۆمبیل وایە و زۆربەی گیرەکان بە هیدرۆلیک کاردەکەن.

چۆن ئەم فڕۆکانە لە ئاسماندا بێ بزوێنەر دەمێنێتەوە:

کاتێک ئەم فڕۆکانە دەفڕن لە بارودۆخی هەوایی ئاسایدا [جێگیریدا] بەرەبەرە بەرزیەکەی کەم دەبێتەوە بەڵام کابتنی فڕۆکەکە بەشارەزایی خۆی دەتوانێت کۆنترۆڵی فڕۆکەکەی بکات هەرچەندە فرینەکە هەر بەرەو خوار دەبێت ، ئەم فڕۆکانە وا دیزاین کراون کە دەتوانن ماوەیەکی درێژ لە ئاسماندا بمێنێتەوە بەڵام بەرزیەکەی وردەوردە وون دەکات، لە بارودۆخی ئاسایی جێگیردا ئەم فڕۆکانە دەتوانێت بۆ دووری ٨کلم و بەخێرایی ٥٥کلم/ کاتژمێردا بفرێت و زۆر کات هەوا لەو بەرزایەنەدا لە جموجۆڵدایە بۆیە فڕۆکەکە دەتوانێت لەبەرزیەکی زیاتر و ماوەیەکی درێژتر لە ئاسماندا بمێنێتەوە و ئەم شەپۆلە هەوایەش پێی دەوترێت [سەرچاوەی بەرزکردنەوەی فڕۆکەکە].

لە کاتی بوونی بارودۆخی گونجاودا فڕۆکەوانی شارەزا و پسپۆر دەتوانێت بۆ سەدان کیلۆمەتر بفرێت و بگەڕێتەوە بۆ بنکەکانیان و زۆرجار مەودای فرین دەگاتە ١٠٠٠ کلم، سێ سەرچاوەی سەرەکی هەیە کە فڕۆکەی چاڕۆکەیی سوودی لێ وەرئەگرێت بۆ فرین بۆ بەرزایەکان و مانەوەیان بۆ ماوەیەکی درێژتر.

سەرچاوەکانی بەرزکردنەوەی فڕۆکەی چاڕۆکەیی:

١. بەرزبونەوە لە ناوچە گردۆڵکەکاندا [Hill Lift] : کاتێک لە ناوچەیەکی گردۆڵکەیدا با هەڵ ئەکات و بکێشێت بە ڕووی گردەکانەدا باکە بەرزئەبێتەوە بۆ سەرەوە تەوژمێکی هەوا دروست ئەبێت لەبەردەم گردەکاندا و ئەگەر گردوشاخەکان بەرزبن شەپۆلەکان درێژئەبنەوە بۆ ماوەیەکی دوورتر بە هۆیانەوە فڕۆکەوان دەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ فرین بۆ ماوەیەکی درێژتر، لە ئەمریکای ژوروو باشترین زنجیرە چیای هەیە بۆ دروست بوونی ئەم جۆرە تەوژم و هەوایانە و تا ئێستا توانراوە دووری ١٠٠٠کلم تۆمار بکرێت لەسەر ئەو شاخانە .


وێنەی 33 بەرزبونەوە بەهۆی شەپۆلی هەوایی ناوچە شاخاویەکان

٢. جۆری دووەم بەرزبونەوەی گەرمەلانی [Thermal lift]: گەرم بوونی ڕووکەشی زەوی گەورەترین سەرچاوەی

بەردەستە بۆ فرۆکەوانی چارۆکەیی کاتێک زەوی گەرم ئەبێت لە ئەنجامی بەرکەوتنی تیشکی ڕۆژ بە هەوای نزیک سەر زەوی چینێک لە هەوایی گەرم دروست دەبێت بەرزئەبێتەوە و تەوژمێکی هەوا بۆ سەرەوە دروست دەبێت و لەم کاتەدا ئەم فرۆکانە دەتوانن بەشێوەیەکی بازنەیی هەلگەڕێت لەو ناوچەیەدا کە تەوژمی ئەو هەوایە دروست بوو بۆ بەرزی ٨٠٠٠ پێ.

ئەم دیاردەیە زۆر جار لەسەر وێستگەکانی وزەی کارەبا یان ئەو شوێنانەی کە ئاگریان تیایە دروست دەبێت و فرۆکەوانی شارەزا و پسپۆر دەتوانێت ئەو شوێنانە و ئەو دیاردانەی تیاروئەدات بدۆزرێتەوە، باشترین شوێنیش بۆ ڕووداوی ئەم دیاردانە شوێنە لماویەکانە و ناوچە قیرتاوو و شارەکانن، شوێنەخراپەکانیش ئەو شوێنانەن کە بە گژوگیا و ئاو داپۆشراون.

لەم جۆرە ناوچانەدا کە دیاردەی بەرزبونەوەی گەرمی تیادا ڕوئەدات فرۆکەکە دەتوانێت لە ناوچەیەکی بازنەی تەسکدا هەلگەڕێت بۆ ئەوبەرزیەی کە ئەیەوێت و فرۆکەوان دەتوانێت لە ناوچەیەکی گەرمەوە بۆ ناوچەیەکی گەرمی تر بفرێت و لە زستاندا فرۆکەوان پێویستە بگەڕێت بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی تر بۆ بەرزبونەوەی فرۆکەکەی بەدەر لە سود وەرگرتن لە گەرمی ڕوکەشی زەوی.



وێنەی 22 گەرمەلاتی لە ئەنجامی گەرم بونەوەی زەوی

٣. بەرزبونەوە بەهۆی شەپۆلی هەوایی شاخەکانەوە [Wave Lift]: کاتێک تەوژمێکی هەوا بە شاخێکی بەرز ئەکەوێت لەو دیوەوە بە خێرایی بەهێزەوە بەرەوخوارەوە ئەروات ئینجا جارێکی تر بەرزئەبێتەوە و ئەم پڕۆسەیە بۆ زیاد لە جارێک دوبارە ئەبێتەوە لە بەرزیەکی تردا و لە مەودایەکی دورتردا. لەکاتی ڕوێشتنی فرۆکەکان لەسەر ئەو ناوچانە دەتوانن بەرزببنەوە بۆ بلندتر و فرین بۆ مەودایەکی دوورتر لەگەل ئەو تەوژمەهەوایانە بەلام ئەگەر فرۆکەکە بە ناوچەیەکی نەگونجاودا بڕوا ئەوا فرۆکەکە بەرەو خوار دەفرێت و نزم ئەبێتەوە زۆر جاریش فرۆکەی چارۆکەیی بەم تەوژمانە بەرز ئەبێتەوە بۆ ئەو بەرزایانەی کە فرۆکەی ئاسایی ئەیگاتێ و یەکێک لە فرۆکەکان لە بریگانیا توانی بگاتە ٤٠٠٠٠پێ و کە لە بەرزی زیاد ١٠٠٠٠پێ پێویستە فرۆکەوان کۆلەپشتی ئۆکسجین هەلبگرێت بۆ هەناسەدان و سەلامەتی خۆی.



وێنەی 33 بەرزبونەوە بەهۆی شەپۆلی هەوایی ناوچە شاخاویەکان

دیاردە هەوایەکانی تری یارمەتی دەری بەرزکردنەوەی فرۆکەکە:

سەرچاوەیەکی تر کە فرۆکەوانەکان بەکاری ئەهێنن بۆ بەرزبونەوەی فرۆکەکانیان ئەو شوێنانەن کە نزیک دەریاکانەوە ئەویش بە سوود وەرگرتن لە دیاردەی یەکانگیری هەوای ساردی سەر دەریاکان بەهەوای گەرمی هاتوو لەسەر زەوی یەوە و لە هێلی بەیەک گەیشتن تەوژمێکی هەوایی دروست ئەبێت کە فرۆکەوانەکان بەکاری ئەهێنن بۆ بەرزکردنەوەی فرۆکەکانیان لەسەر ئەو هێلەی نێوان هەردوو شەپۆلەکە و ئەم جۆرە فرینە دڕێژ ئەبێتەوە بۆ مەودایەکی دڕێژتر و بەرزیەکی زیاتر. [وێنەی - ٣٤ -]



وێنەی 34 بەرزبونەوەی بەیەک گەیشتنی هێلی وشکانی و دەریایی

بەسەرکردنەوە

ئیکۆسیم هەڵدەستێت بە بیناکردن و بەڕێوەبردنی کارگەیەک بۆ شاری سلێمانی کە هەڵدەستێت بە گۆڕینی خۆڵ و خاشاک بۆ ووزە

ئەندازیار

پاتریک فورنۆ

بەڕێوەبەری گشتی پڕۆژەکە

بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی (کارگەی گۆڕینی خۆڵ و خاشاک بۆ ووزە) و ئاشنا بوون بە کار و چالاکی و کێشە و گرفتەکانتان و چۆنێتی جێبەجێکردنی ئیش و کارەکان بەپێوستمان زانی کە ئەم چەند پرسیارە ئاڕاستەی بەڕێز ئەندازیار (پاتریک فورنۆ) بەڕێوەبەری گشتی پڕۆژەکە بکەین و بەڕێزیشیان بەم شێوەیەی لای خوارەوە وەڵامیان دایندوە ...

ئەندازیاران / چۆن بیرۆکەی ئەم پڕۆژەیە دروست بوو؟

وەڵام/ تەندەرێکی فەرمی حکومەت هەبوو و ئێمە وەک لافارج و گروپی کۆمپانیاکانی فاروق بەشدار بووین، و لە نێوان چەندین پڕۆپۆزەڵی تر، پڕۆژەی ئیکۆسیم هەڵبژێردرا. پارێزگاری سلێمانی پلانی هەبوو کە شاری سلێمانی بکات بە پاکترین شار لە عێراقدا.لافارج و گروپی کۆمپانیاکانی فاروق هەمان بینیان هەبوو بۆ شاری سلێمانی. دوای گەرانێکی زۆر هەستاین بە دروستکردنی پڕۆژەی ئیکۆسیم کارگەیەکە بۆ دووبارە بەکارهێنانی خۆڵ و خاشاک.

ئەندازیاران / ڕۆژی دەست پێکردنی پڕۆژەکە کەی بوو؟

وەڵام/

ئامانج وا بوو کە ٢٠١١ بێت بەڵام ڕێکەوتنی نێوان ئیکۆسیم و حکومەت لە مانگی ١١ی ٢٠١٣ ئیمزا کرا. بەردی بناغەش لە مانگی ٤ی ٢٠١٤ دانرا لە کارگەی تانجەرۆ. ئیشیش بەردەوامە لەوێ.

ئەندازیاران / چەندی تری پێدەچێت بۆ تەواو کردنی پڕۆژەکە؟

وەڵام /

ڕێکەوتنی سەرەکی نێوان ئیکۆسیم و پارێزگای سلێمانی ٢٠ ساڵە، بەڵام بڕیار وایە کە دروست کردنی کارگەکە لە چارەکی کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ تەواو بێت و ساڵێک دوای ئەوە دەست بکات بە ئیش.

ئەندازیاران / بوودجەی پڕۆژەکە چەندە و کێ دابینی دەکات؟

وەڵام /

پرۆژەکـە نزیکی ٨٠ ملیۆن دۆلاری تـێ دەچێت، و لە لایەن لافارج و گروپی کۆمپانیاکانی فاروق دابین دەکرێت.

ئەندازیـاران / رێگرەکان چی بوون کـە هاتنە رێتان لە کاتی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە؟ ئایا رێگری ترتان بۆ دروسـت دەبێت لە داهاتوودا؟

وەلام /

زۆر جـۆری رێگر هەیە کە هاتنە رێمـان لە کاتی جێ بەجێ کردنی پرۆژەیەکی وادا:

- خولی راهێنان کە بۆ دڵنیابوون لەوەی کارمەندەکانمان بە زانستییانە و بە سەلامەتی بتوانن لەم جۆرە پرۆژەیەدا کاربکەن.
- پەیوەندیکردن بە خەڵکە ناوخۆییەکان و بەشدار بووەکان بۆ ئەوەی ئاگادار بن لە کارەکانمـان و چۆنیەتی بەرێوەبردنی ئەم پرۆژەیە.
- جیاکردنەوەی جـۆری کارەکانمان لەگەڵ ئەوانەی پێش ئێمـە بەرێوەبردنی پاشـەڕۆیان کـردووە، و دڵنیاکردنەوەی هاوپیشـەکانمان کە تەندرسـتی هەمـووان ئامانجی لافارج و گروپی کۆمپانیاکانی فاروقە.
- تەرخان کردنی بڕی پێویست لە وزەو بۆ کرێیارەکان.

ئەندازیاران / ئیشـی رۆژانـەی کارگەکە چەند دەبێت دوای ئەوەی ئەکەوێتە ئیش؟

وەلام/ بۆ سـاڵی یەکەم نزیکـەی ٤٠٠،٠٠٠ تەن لە خۆڵ و خاشـاک دەگۆڕێ بۆ ١١٠٠ت \ڕۆژ لە وزە. هەموو ساڵێک بڕیار وایە ٣٪ زیادبکـرێ تا کۆتایی رێکەوتنەکە دەگاتە دوو ئەوەندەی سەرەتا.

ئەندازیاران / سـەرچاوەی سـەرەکی ئەم خۆڵ وخاشاکە لە کوێـوە دێت و ئایا دڵنیان لە بەدەسـتهێنانی ئەم پاشـەڕۆیە بۆ بەردەوام بوونی ئەم پرۆژەیە لە داهاتوودا ؟

وەلام/ سـەرچاوەی سـەرەکی پاشەڕۆی شـاری سلێمانی دەبێت کە لەلایەن شارەوانیەوە بۆمان دەنێردرێت بۆ ئەوەی جیایان بکەینەوە. بەشێکی بۆ دروستکردنی (RDF) کە ئەمەش وەک وزە بەکاردەهێنرێت لە جیاتی ڕۆنی ڕەش. کاغەز و پلاستیک دەفرۆشرێنەوە، و ئەوەی کە مایەوە دەخرێنە چاڵی تایبەتەوە و دادەپۆشرێت و کۆنترۆڵ دەکرێن بە سیستمی نوێوە.

ئەندازیاران / مەوادە بەدەست هێنراوەکان چییان لێ دێت؟

وەلام/ دوای دروسـت بوونی (RDF) دەبرێت بۆ کارگەی چیمەنتۆ لـە جیاتـی سـووتەمەنی ڕەش بەکاردەهێنرێت کە ئەمەش پارێزگاری دەکات لە ژینگە و هەوا و کەمکردنەوەی گازی دووەم ئۆکسـیدی کاربۆن، هەروەهـا دەور و بەرێکی سەوزمان دەبێت.

ئەندازیاران / گرنگی ئەم پرۆژەیە چییە بۆ شـاری سلێمانی لە داهاتوودا؟

وەلام/ گرنگییەکی زۆری هەیە:

- ١٥٠ هاوڵاتی بە ڕاستەوخۆ کاریان دەبێت و ٤٥٠ هاوڵاتی بە ناڕاستەوخۆ کاریان دەست دەکەوێت.
- بە ڕۆشنبیریکردنی هاوڵاتیان لە ڕێگای خولی ڕاهێنان کە بۆ کارمەندەکانمان دەکرێت بۆئەوەی بە زانستییانە بتوانن لەم جۆرە پرۆژەیەدا کاربکەن.
- پاڕێزگاری لە ژینگە دەکات کە ئامانجێکی سەرەکییە.
- بە دەسـت هێنانی جۆرێکی نوێی وزە کە بەکاردەهێنرێت لە جیاتی ڕۆنی ڕەش.
- کەمکردنەوەی پاشـەڕۆی ڕۆژانـە و پارێزگاریکردن لەو ئاوەی بەکاردەهێنرێت بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵ.
- کەمکردنەوەی ڕێژەی پیسبوونی هەوا بە هۆی سووتاندنی پاشەڕۆوە.
- کەمکردنەوەی زیان لەسەر تەندروستیی هاوڵاتیان.
- جوانکردنی شـاری سـلێمانی و ڕاکێشـانی وەبەرهێنەری نوێ.

ئەندازیاران / ڕووبەری ئـەم پرۆژەیە چەندە و لە چەند بەش پێکهاتووە؟

وەلام/ ئەم کارگەیە لەسـەر هەمان ڕووبەر لە دوو بەشـی سەرەکی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم:

بریتییـە لە گۆڕینی پاشـەڕۆکە بـە شـێوەیەکی میکانیکی و بایۆلۆجی (MBT)

بەشی دووەم:

دروسـت کردنـی چاڵـەکان بـۆ داپۆشـینی پاشـماوە بەکارنەهاتووەکان.

نزیکەی ڕووبەری ٩٠ دۆنم پێویسـتە بۆ دروست کردنی ئەم چاڵانە.

- ١١.٥ پێویسـتە بـۆ دروسـت کردنـی چاڵـەکان کە پێی دەوترێت (سێل)
- ١٥.٥ پێویستە بۆ درست کردنی چاڵەکان و دروست کردنی دیوارەکانی دەور و پشـتی و نزیکـەی ٧ بۆ گەنجینەکردنی و زیادەکردنی پێویسـتی ڕووبەرەکە لـە داهاتوودا. و بە ڕێژەی ٧٠٪ی ئەم ڕووبەرە بەکاردێت بۆ پرکردنەوەی پاشەڕۆ.

بەشی (MBT) پێکهاتووە لە چەند بەشێک:

- جیاکردنەوەی پاشەڕۆ
- جنینی پاشەڕۆ
- وشککردنەوەی پاشەڕۆ

دوا پرۆسە بریتییە لە دووبارە جنین، جیاکردنەوە، جیاکردنەوەی هەوا. نزیکەی ٤٨دۆنمی تریان پێویستە بۆ پرۆسەی میکانیکی و وشـککردنەوەی بایۆلۆجی. لە ٥٠٪ ئـەو ڕووبەرەی کە بە

دەستەوە ماوە بەکاردەهێنرێت بۆ (MBT).

ئەندازیاران / جۆر و باشی ئەو مەکینانە چین کە بەکار دەهێنرێن؟ لە کوێ دروستکراون؟

وەڵام/ مەکینە سەرەکییەکان ئەمانەن:

- شرێدەری سەرەکی و هی قۆناغی دووەمی پاشەڕۆکان.
- جیاکەرەوەکان، جیاکەرەوەی هەوا، ترۆمێل.
- پشتێنی گواستنەوە.
- مەکینەی بالەکردن، لەگەڵ گەنجینەکردن.
- شوێنی وشککردنەوەی بایۆلۆجی.

ئەندازیاران / چ ڕێگایەک دەگرنە بەر دەربارەی سەلامەتی و تەندروستی فەرمانبەران؟

وەڵام/ لافارج هەموو کات هەوڵی داوە کە سەلامەتی و تەندروستی فەرمانبەران یەکەم ئامانجی بێت و ژینگەیەکی تەندروستیان بۆ دابین بکات لە شوێنی کارکردن. لە ئیکۆسیم، لافارج و گروپی کۆمپانیاکانی فاروق خۆیان بە بەرپرس زانیوە بۆ کارکردن بە یاساکانی سەلامەتی و تەندروستی، هەوڵیش دەدرێت کە فەرمانبەران پابەند بن بەو یاسانە و بە دواداچوونی بۆ دەکەن و هەوڵدەدەن هیچ قوربانیان نەبێت. هەوڵیش دەدەن کە ئەم وزە نوێیە کاریگەری نەبێت لەسەر هاوڵاتیان لە کاتی ئیشکردنی ئەم پرۆژەیە.

ئەندازیاران / ئایە ئەندازیارە کوردەکان هیچ دەستیان هەیە لە دانانی ئەم پرۆژەیە؟

وەڵام/ تیمە ناوخۆییەکان کلیلی سەرەکی تەواوبوون و بە ئەنجامگەیاندنی ئەم پرۆژەیەن و هەروەها بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان. لە قۆناغی یەکەمدا کە بیناسازییە، پشتمان بە کۆمپانیا کوردەکان بەستووە کە کاری سەرەکی پرۆژەکەیە. لە کاتی کارکردن، دەرچوانی زانکۆکانی کوردستان دادەمەزرێن و ڕادەهێنرێن بۆئەوەی کارەکانیان بە شێوەیەکی زانستیانە جێ بەجێ بکەن.

ئێمە زۆر سەرسام بووین کاتێ ئامادە باشی و هاوکاریی خەڵکمان دی دەربارەی باشکردنی ژینگە بە تایبەتی لە لایەن لایەنە سیاسییەکان، دام و دەزگا حکومییەکان، پارێزگار، شارەوانی، کە هەموویان لە ناخەوە حەزیان کرد ژینگەی هاوڵاتیان بپارێزن و تەندروستییان ئامانجی یەکەمیان بێت. و ئێمەش لە هەموو قۆناغەکانی ئەم پرۆژەیەدا زۆر بە ووردی و وریاییەوە گوێمان لە هەموو لایەنەکانەوە گرت بە ڕێزەوە بۆ دروست کردنی بناغەیەکی تۆندوتۆڵ لە بواری ئابووری و تەکنەلۆژیا و پاراستنی ژینگە بۆ خەڵکی شاری سلێمانی لە چوارچێوەی یاساکانی عێراق و کوردستاندا.





چاوپێکەوتن

ئەندازیاری کارەبا

علی اورحمان صالح

لیژنەی بەدواداچونی پرۆژەکان لە ئەنجومەنی وەزیران

ئامادەکردنی
گۆڤاری ئەندازیاران

لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەماندا بە هەبەسی زیاتر ناساندن و سود وەرگرتن لە شارەزایی ئەندازیارێکی بە ئەزمون چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەڕێز ئەندازیاری کارەبا(علی اورحمان صالح)سازدا و لە وەڵامی پرسیارەکانماندا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بۆمان دوا ..

ئەندازیاران/ناوی سیانی؟

وەڵام/ علی اورحمان صالح

ئەندازیاران/ بەروار و شوێنی لە دایک بوون؟

وەڵام/لەدایک بوی ساڵی ١٩٥٦ م لە شاری سلێمانی /گەڕەکی صابونکەران

ئەندازیاران/ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆتان لە چ ساڵ و جێگەیەک تەواو کردووە و پسپۆڕیتان لە چ بوارێکی ئەندازەییدا هەیە؟

وەڵام/ قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی وناوەندی و ئامادەییم لە شاری سلیمانی تەواو کردووە , دەرچووی زانکۆی تەکنەلۆجیم لە بەغداد- ساڵی (١٩٨١-١٩٨٢) پسپۆڕیم لە بواری کارەبادا هەیە

ئەندازیاران/ ئەو پرۆژانە چین کە ئەنجامتان داوە یان سەرپەرشتیتان کردووە لە ژیانی وەزیفیتاندا و چ پرۆژەیەکی خۆتانتان لەهەموان پێ سەرکەوتوترە؟

وەڵام/

بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک پرۆژەی جۆراوجۆرم جێ بە جێ کردووە لەبواری (سەرپەرشتی ودیزاین و نەخشەسازیدا) کەلێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەدەین کە بریتین لەمانەی خوارەوە :-

١-لەساڵی ١٩٩٢دوای پرۆسەی ئازادی کوردستان ئەندامی ئەو کۆمیتەیە بووم کە پێک هێنرابوو لەلایەن بەڕێز مام جەلال سلێمانی (مامۆستا جمال عبدول)ەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا . وە توانیمان بەپێ ی بەرنامەیەکی ڕێک و پێک سود لە سەرچاوەی ئاوی دووکان و دەربەندیخان وەرگرین بەو بڕە کەمە ئاوەی لەبەنداوەکاندا مابوو بتوانین کارەبا بدەین بەشارەکانی هەرێمی کوردستان وە نەهێڵین بێ کارەبابن . وەزۆر کاری تری بە سودمان ئەنجام داوە لە وسەردەمەدا ....

٢- لەساڵەکانی (١٩٩٦ هەتا ٢٠٠٢) سەرپەرشتی و جێ بە جێ کردنی ئەم پرۆژانەم کردووە کە بریتییە لە :-

١-دروست کردنی کارگەی خوێی یۆدی

بازیان لەسەر بودجەی ڕێکخراوی DC

ب- دروست کردنی کارگەی شتنەوە و ووشک کردنەوەی خوری لەتەقتەق لەسەر بودجەی ڕێکخراوی NPA.

ج- دروست کردنی تۆربااین بەکەرەستەی خۆماڵی و دانانی لەسەر ئاوی زەڵم کەتوانیمان کارەبا بدەین بەگوندەکانی زەڵم و ئەحمەد ئاوا و چەند گوندێکی تر کەکارەبایان نەبوو لەسەر بودجەی ڕێکخراوی NPA.

د- دروست کردنی سەرچاوەی کارەبا بەئاو بۆهەریەک لە گوندەکانی (تەنگی سەر و نەوتی) لەسەر بودجەی ڕێکخراوی NPA.

ه - وە یەکێک بووم لەوکەسانەی کەتوانیم بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی ئاوەدانکردنەوە و شارەوانیەکان هەموو ئەو کارگانەی کەوەستابوون وەک (کارگەی قیر+ کەسارەکان) چاک بکەمەوە کەڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە ئاوە دانکردنەوەی کوردستاندا .

و -لەساڵی ١٩٩٨ ئەندامی ئەو لیژنەیە بووم کەپێک هێنرابوو بۆ بەگەڕخستنەوەی کارگەی شەکری سلێمانی دوای ئەوەی خرایە ناو بەرنامەی نەوت بەرانبەر خۆراک بڕیاری (١٩٨٦) کەدە توانی ئەوکارگانە بەگەڕبخەینەوە کە لەبواری پیشەسازی خۆراکی کاردەکەن .وە دوای ئەوەی لیژنەکەمان بۆماوەی شەش مانگ کاری کرد بە بەردەوامی بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوڕیەکان کەبەهۆی قەسفی فرۆکەکانی ئێرانەوە پێی گەیشتبوو. وە ئامادەکردنی دەرخستەیەکی تەواو بەدیزاین و نەخشەکانیەوە لەگەڵ نرخی تێچونی وە تەسلیم بەلایەنی پەیوەندیدارمان کرد بەڵام بە داخەوە پڕۆژەکە نەخرایە بەرنامەی جێ بەجێ کردنەوە لەلایەن ڕێکخراوی (فاوە) وە بەهۆی دەستکاریکردنی ئەو نرخانەی کە ئێمە دەستنیشانمان کردبوو بۆ چەند هێندێک لەبەر ئەوە (فاو) ڕەزامەندی نەدا لەسەر چاکردنەوەی و بودجەکەی گەڕایەوە بۆ بەغداد . وە چەند جارێک سودی چاکردنەوەی کارگەکەمان بۆ ڕوون کردنەوە . تەنانەت لەبواری کارەبادا بەهۆی بوونی دوو تۆربایین بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بە هەڵم (steam turbine) بەتوانای (٥MW). وە زۆرسودی تر کە ناتوانم لێرە دا باس بکەم .

ل -لەساڵی ١٩٩٩ تەکلیف کرام لە لایەن وەزارەتی پیشەسازی و ووزە وە بۆ ئامادەکردنی نەخشەی کارەبا بۆ کارگەی ڕۆنی ڕووەکی لە عەربەت وکارگەی شیری بانیخێلان و سەرپەرشتیکردنی و جێ بە جێ کردنی هەردوو پڕۆژەکە . کەلایەن کۆمپانیایەکی ئیتالیەوە ئامێرەکانی هێنرا و کارگەکە بەگەڕخرا . وەکارە کەمان بەسەرکەوتویی ئەنجامدا ...

ک -لە ساڵی (٢٠٠١) هاوکاربووم لەسەرپەرشتیکردن وجێ بە جێ کردنی کارە کارەباییەکانی (ئوتێل پالاس – سلێمانی) لە بواری دروستکردنی نەخشەو دیزاین و دروستکردنی بۆردای کارەبا بۆ هەموو بەشەکان پڕۆژەکە بە شێوەیەکی ئەندازەیی ڕێکوپێک و بەسەر کەوتوی کارەکانم ئەنجامدا .

ئەندازیاران/ چۆن بەراورد دەکەن لە نێوان ئەو پڕۆژانەی پێش ڕوخاندنی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەنجامدراون و ئەوانەی لە ئێستادا ئەنجام دەدرێن لە ڕوی ئەندازەییەوە؟

وەڵام/ بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەو پڕۆژانەی پێش (٢٠٠٣) جێ بە جێ کراوە لە ڕووی ئەندازەییەوە باشتر بوو لە پڕۆژەکانی دوای (٢٠٠٣) لەبەر ئەوەی بەپێ ی پۆڵینی کۆمپانیاکان ئیشیان پێدە درا وەلێپێچینەوەی تۆندیان لە گەڵدا دەکرا لە کاتی دروست بوونی هەر کەم و کوڕییەک لە پڕۆژەکەدا هەبووایە .. وە ڕێگە نەدەدرا کەرەستەو ئامێری خراپ بەکار بهێنن بەهۆی بوونی تاقیگەی پێش کەوتوو بۆ تێستکردنی هەموو ئەو کەرە ستەوئامێرانەی دەهاتنە ناو عێراقەوە ..

* هۆکاری بوونی کەموکوڕی لەو پڕۆژانە دوای (٢٠٠٣) جێبەجێدەکران، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە :-

ا-نەبوونی دەزگایەکی دامەزراوەیی تەواو بەدیزاینکردن و ئامادەکردنی دەرخستەی تەواو بەبێ کەموکوڕی بۆسەرجەم پڕۆژەکان بە شێوەیەکی گشتی .

ب -کۆمپانیەکان بەپێی پێوست پۆڵێن نەکراون بەو پسپۆڕیانەی کەهەیانە .وەبە پێی پسپۆڕیان ئیشیان پێنادرێت بۆنمونە کۆمپانیایەک ئەگەر پسپۆڕی بیناکاری بێت دەتوانێت پڕۆژەی کارەباش وەربگرێت وە بە پێچەوانەشەوە کە ئەمەش کاردانەوەی خراپی دروست کردووە لە سەر کوالێتی پڕۆژەکان .

ج -بەهۆی نەبوونی تاقیگەی تایبەت بەتێستکردنی کەرەستەو ئامێرە کارەباییەکان . زۆربەی ئەو کەرەستانەی لە پڕۆژەکاندا بەکاردەهێنرێت بە تایبەتی لە بواری کارەبادا لە جۆری خراپن تەنها بەچاو ئەپروف دەکرێت وەئێمە وەک لیژنەی بەدواداچونی پڕۆژەکان لە ئەنجومەنی وەزیران بەحوکمی شارەزایمان جیاوازی دەکەین لە نێوان کەرەستەی ئەسڵی و عادی بەڵام لەبەر نەبوونی تاقیگە بۆ تێستکردنیان ناتوانین بیسەپێنین . وەئێمە وەک خۆمان چەند جارێک نووسراومان کردووە بە درێژی باسی ئەوکێشانەمان کردووە بۆ دروست کردنی تاقیگەیەکی تایبەت بە تێستکردنی

کەرەسە کارەباییەکان بەڵام بێسود بووە وکاری پێویستیان بۆ نەکردووە .

د -زۆری پڕۆژەی جۆراو جۆر کەناتوانرێت بەئاستێکی پێویست سەر پەرشتی جێ بە جێکردنیان بکرێت .

ه -زۆر لەو ئەندازیارانەی کەتازە دەرچون لەزانکۆ بەبێ ئەوەی شارەزاییان هە بێت لە بواری پراکتیکدا و سەرپەرشتیاری زۆرێک لە پڕۆژەکان دەکەن بەبێ ئەوەی ئەندازیاری بە ئەزمونیان لە گەڵدا بێت ....

و -بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتی ئەندازیارانی سەرپەرشتیار کە ناتوانێت بڕیاری گونجاو بدات لەکاتی پێویستدا کەدەبێتە هۆی دواکەوتنی پڕۆژەکان .

ل- بوونی کەمتەرخەمی لە ناو هەندێ لەئەندامانی لیژنەکانی وەرگرتنی پڕۆژەکاندا.وە لە زۆربەی کاتدا ئەندازیاری تازە دەرچوو دادەنێن کە ئەزمونێکی ئەوتۆیان نیە لە بواری پراکتیکدا وەکەموکوڕییەکان بەبێ چارەسەر دەمێنێتەوە .

ئەندازیاران/ ئەو خولە زانستیانە چین کە بینیوتانن و لە چ وڵاتێک؟

وەڵام/ئەو خولانەی کە بینیومن بریتین لە مانەی خوارەوە:-

ا- خولی چۆنیەتی صیانەکردنی ئامێرە کانی کارگەکان دانانی بەرنامەبۆیان لە بەغداد .

ب-خولی شارەزا بوون لە جۆرەکانی ڕۆندا و کاتی گۆڕینی بەتایبەتی لە وێستگەکانی کارەبادا لە (بەغداد)..

ج -خولی شارەزابوون لە لەفکردنی بەشی تەولید لە موەلیدەی (H.T) وەچۆنیتی تێستکردنیان بە ئامێری تایبەت بەخۆی لە (بەغداد).

د-خولی شارەزابوون لە چۆنیەتی ئیدارەکردنی کارگەبەرهەم هێنەرەکان لە (بەغداد) ...

ه -خولی چۆنیەتی ڕاکێشانی کێبڵی (H.T -L.T) بەژێر زەویدا لە بەغداد .

ئەندازیاران/ ئایا سەردانی وڵاتانی بیانیتان کردووە یان نا ؟ ئەگەر کردوتانە لە ئەنجامی ئەو سەردان و بینینانەی کارە ئەندازەییەکاندا لەو وڵاتانەدا.. ئاستی ئەندازیارانی کورد و بیانی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

وەڵام/ ا- لەساڵەکانی (١٩٨٤هەتا ١٩٨٧) دووجار ئیفاد کراوم لە کارگەی گەچی هونەری بازیانەوە یەکەم بۆ ئەڵەمانیا و بۆبینینی کارگەکانی گەچ لەبەر ئەوەی من یەکێک بووم لەو کەسانە کە نەمهێشت گرێبەستی مانەوەی کۆمپانیا ئەڵەمانیەکە تازە بکرێتەوە دوای وەرگرتنی کارگەکانی گەچی هونەری (بازیان — صەلاحەدین — مەخمور — تەلەعفەر- هیت) وەبەر پرسیاربم لە چاکردنەوەی هەرخەلێک کەڕووبدات لە هەر (٥) کارگەکاندا وەتوانیم بەسەرکەوتی کارەکانم ئەنجام بدەم . دووەم بۆ بەریتانیا (کۆمپانیای تەولید (GEC) بەڵام دائیرەی ئەمنی سلێمانی ڕێگریان لێکردم و نەیانهێشت بچم بە بیانوی ئەوەی پەیوەندیم بەشۆڕشی کوردیەوە هەیە .

ب- لەسەر بوجەی خۆم سەردانی ئێران وتورکیام کردووە بۆ سیاحەت .

ج-ئەو پڕۆژانەی لە وڵاتان جێ بە جێ کراوە کوالێتیان زۆر بەرزە .

ئەندازیاران/ ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانتان چیە بۆ ئەندازیارانی نەوەی نوێ..

وەڵام/ ا-پێویستە ڕاستگۆ و دڵسۆز و چاو نەترس بن لە دەستنیشانکردنی کەم وکوڕیەکان وەچاو پۆشی نەکەن لەو هەڵانە کە دەیبینن وە باوەڕی تەواویان بەخۆیان هەبێت و ڕاڕا نەبن کە دەبێتە هۆی لاواز بونی کەسایەتیان

ب-هەوڵی بەردەوام بدەن بۆ ئەوەی فێری زانیاری پراکتیکی ببن. وەشارەزای کەرەسەو ئامێرەکان وشوێنی بەکارهێنانیان ببن بەتایبەتی ئەندازیارە تازەدەرچووەکان .

ج -پێویستە ئەوئەندازیارانەی لە بواری دیزاین ونەخشەسازیدا کاردەکەن هەوڵبدەن زانیاریەکی تەواویان هەبێت لەبواری پراکتیکیدا چونکە بەبێ ئەوە سەرکەوتونابن وهەڵەی زۆردەکەن .

د-پێویستە هەوڵبدەن بەبەردەوامی زانیاری تازە بخوێننەوە لە بواری پسپۆڕیاندا بۆ ئەوەی ئاشنابن بە پێشکەوتنەکانی جیهان.

* دوا وتەتان.....

*هیوادارم ئەندازیارەکان بەشێوەیەکی دڵسۆزانە کارەکانیان ئەنجام بدەن وەدڵسۆزبن بۆ کوردستانەکەمان وەڕێگە نەدەن پڕۆژەکان بەشێوەیەکی خراپ جێ بە جێبکرێت چونکە سەرمایەی ئەو نیشتمانەیە و دەمێنێتەوە بۆ نەوەکانی داوڕۆژمان بۆ ئەوەی شانازیمان پێوە بکەن بەو کارە باشانەی کردومانە وە لەسەر هەمان ڕێبازی ئێمە بڕۆن ...

*لە کۆتایدا سوپاس وپێزانینی خۆم ئاڕاستەی سەرجەم ئەندامانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان دەکەم وە هیوادارم پێشەنگ بن لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بە پڕۆژەی باش وکوالێتی بەرز بۆ ئەوەی بگەین بە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو..

*سوپاس وپێزانینم هەیە بۆ هەموو ئەوستافەی ماند و دەبن لە دەرکردنی گۆڤاری ئەندازیاران کە سودێکی زۆر دەگە یەنێت بە سەرجەم ئە ندازیارانی کوردوستان هیوادارم هەر بەر دەوام لە گواستنەوەی زانیاری بەسودا بن .

پیس بوونی ژینگەو ئەرکی ئەندازیاران لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا

ئامادەکردنی : ئەندازیاری شارستانی
محمد سليمان أومر

سەرەتا :

پیس بوونی ژینگە لە دیاردە زۆر گرنگەکانە کە کاریگەری زۆر لەسەر ژیانی مرۆڤەکان و دەوروبەریان دادەنێت ، کێشەیەکە کە پەیوەستە بە هەموو وڵاتانی جیهانەوە بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست ئەوەش وای کردووە کە جوڵانی خێرا بکرێت بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو دیاردەیە و دانانی چارەسەری گونجاو بۆی ، ئەوەش پێویستی بە بەرنامە ڕێژی تایبەت و زانستی ئەندازیاری و ئەکادیمی تەواو هەیە ، بۆ پرکردنەوەی ئەو کەم و کوریانەی کە هەیە لە و بوارەدا ، ئەوەش پێش هەموو شتێک بەوە دەکرێت کە خولی تایبەت بە ژینگە بۆ ئەندازیارانی پەیوەست بە بواری ژینگە بکرێتەوە و ڕابهێنرێن لەسەر بەگژداچوونەوەی ئەو دیاردەیە . کوردستانی ئێمەش بەدەر نییە لە کەم و کوری لەو بوارەدا بە تایبەتیش لە بواری بوونی کادیری ئەندازەیی و ژینگە پاڕێز , بۆیە دەتوانین پێناسەی ئەندازیاری ژینگەیی بەم شێوەیە بکرێت کە بریتیە لە ((ئەو زانستەی کە گرنگی دەدات بە پێگەیاندنی کادیری ئەندازیاری ژینگە پاڕێز لەڕێی چەند پڕۆگرامێکی جیاواز کە ئامادە دەکرێت بە مەبەستی بەکارهێنانی ڕێکارە ئەندازەیی و بیرکاریەکان بۆ داهێنان و دڕووستکردنی سیستەمی یاریدەدەر کە لە توانایدا بێت چارەسەر بۆ کێشەکانی ژینگە پاڕێزی دابنێت کە لەڕێی ئەوەوە بتوانرێت زیانەکانی پیس بوونی ژینگە کەم بکرێتەوە)) وە پێویستە چاودێری بەردوام هەبێت لەسەر ناوەندەکانی پیس بوونی هەوا و زەوی و ئاو ،ئەوەش شان بە شانی ڕێگا کردارییەکان کە پێویستە لە دەزگاو دامەزراوەکاندا هەبێت بە مەبەستی پاراستنی ژینگە .

ئەم زانستە لە سالی (١٩٠٠)ی زایینییەوە ئەو پێناسەیەی وەرگرتووە وەک لقێکی ئەندازیاری شارستانی دانراوە وە هەر ئەندازیارانی شارستانیش بەم ئەرکە هەستاون ئەویش لە ڕێگای کردنەوەی پەیمانگای تایبەت بە ژینگە . پڕۆژەکانی ئاوەڕۆ و ئاوی خواردنەوە و چارەسەری هیدرۆلێکییەکێکن لە چالاکیە سەرەتەیەکانی ئەندازیاری ژینگەیی ، چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاو لە سالی (١٩٠٠) بەدواوە بە خێرایی بلاو بۆتەوە ، بەڵام چارەسەر ئاوی پیس (ئاوی قورس) زۆر درەنگتر لەومێژوە سەری هەڵداوە..

مەبەستەکانی ئەندازیاری ژینگەیی :

ئەندازیاری ژینگەیی لە ئێستادا سێ مەبەست و بۆچوونی سەرەکی دەگرێتەوە ئەوانیش:.

١. پاراستنی خەڵک (دانیشتوان) لە هەرەشەو زیانەکانی پیس بوونی ژینگە کە بە هۆی خراپی کەش و هەواوە ڕووەدات لەگەڵ پاراستنیان لە ژاوەژاو تیشک دانەوەکان.

٢. خۆ ڕزگارکردن لەو کەرەستانەی (ملوثات) کە دەبنە هۆی پیس بوونی ژینگە وەک (پاشەڕۆی ڕۆژانەی هاوڵاتیان و کەل و پەلە تێکشکاوەکانیان بە شێوەیەکی زانستی وورد.

٣. خۆ پاراستن لەو شتانەی دەبنە هۆکاری پیس بوونی ژینگە لە ڕێگای چالاکی ڕۆژانەی دانیشتوان دڕووست دەبێت.

گرنگی پێدانەکانی ئەندازیاری ژینگەیی (اهتمات الهندسة البيئية)

ئەندازیاریی ژینگەیی بواریکی فراوانی پڕۆژە ئەندازیاریەکان

و هونەریەکان دەگرێتەوە لە کەرتی (شارەوانی و پیشەسازی) کە دەبێت گرنگی پێدانەکانی لە چەند خاڵێکدا چڕ بکرێتەوە ، وەک:.

١. ئیدارەدان و چارەسەری کەرەستە پیسکەرەکانی ژینگە (ملوثات البيئة).

٢. زاڵبوون بەسەر مادە ژەهراویەکاندا.

٣. گرنگی دان بە دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە.

٤. گرنگی دان بە چارەسەر کردنی ئاوی باران و لافاو کە دەبنە هۆی ڕامالینی کەرەستە پیسکەرەکانی ژینگە .

٥. خۆ ڕزگارکردن یان لە ناو بردنی ژینگە پیسکەرە ڕەقەکان بە شێوەیەکی سەلامەت.

٦. گرنگی دان بە بواری تەندروستی گشتی.

٧. گرنگی دان بە زەویەکان و پاراستنیان لە پیس بوون.

٨. خۆ پاراستن لە تیشک دەرەوەکان.

٩. گرنگی دان و بە سەر کردنەوەی بە بەردەوامی کارگە پیشەسازیەکان لە ڕووی ژینگە پارێزییەوە.

١٠. زاڵ بوون بە سەر پیس بوونی هەوادا کە لە ڕێگای کارگەکان و ئۆتۆمبێل و شتی تر‌ەوە دروست دەبن.

١١. پاراستنی سەرچاوە ئاویەکانی (سەر زەوی ، دەریاچەکان ، ژێر زەویی) .

ئەرکەکانی ئەندازیاری ژینگە:.

ئەندازیاری ژینگە پەیوەندی بە کاری ژینگەییەوە هەیە لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی بیناکان و تەندروستی گشتی لە ناو شارەکاندا هەروەک ڕۆڵێکی باڵا دە دەبینێت لە دانانی ڕامیاری ژینگەیی ، هەروەها بەسەر ئەندازیاری ژینگە پێویستە لە ڕێگای کۆکردنەوەی داتای گشتگیر و سەرژمێری و ڕاپۆرتی تایبەت بەو بوارە کارەکانی بەردەوام بکات بەم شێوەیە:.

١. خەملاندن و ئەندازە گیری مەرجەکانی پاراستنی ژینگە بۆ پرۆژەکان

٢. جێ بەجێ کردنی زانست و سەرەتایەکانی ئەندازیاری بۆ خەملاندن و هەلسەنگاندنی ناوچە کارێگەرەکان.

٣. دیاری کردنی تواناسازی کشتوکاڵی.

٤. دیاریکردنی کاریگەریە کۆمەلایەتیەکان و ژینگەییەکان لە پرۆژەکانی گواستنەوەدا .

٥. دروستکردنی کەرەستەو کارگەی سوتاندن کە مەرجی ژینگە پارێزی تێدابێت.

٦. گەشەپێدانی هۆکارەکانی پێوانەی پیس بوونی هەواو دۆزینەوەی چارەسەر.

٧. چاکسازی لە هۆکارەکانی ژاوە ژاوی بێزار کەر.

٨. پارێزگاری کردنی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە.

ئەندازیاریی ژینگەیی و پەیوەندی بە تەندروستیەوە .

تەندروستی ژینگەیی بریتیە لەو کارانەی کە چاودێری دەکەن لە باشی ژینگە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە ڕێگای پێوانەی بەردەوام و دروست بۆ ڕەگەزەکانی ژینگە و دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆکاری پیس بوونی ژینگە و کاری گەری دانان لەسەر تەندروستی هاوڵاتیان بەم شێوەیە:.

١. چاودێری بەردەوامی سەلامەتی خواردن و خواردنەوەکان

٢. چاودێری بەردەوامی پیس بوونی هەوا .

٣. لە ناوبردنی پاشە ڕۆکان کە لە ئەنجامی بەکاربردنە پزیشکی یەکان دروست دەبن .

٤. لە ناو بردنی میش و مەگەز.

٥. چاودێری کردنی کارەکانی دروست کردن و تێکدانی بیناکان .

٦. چاودێری کردنی بەردەوامی ڕەوشی ئاوی خواردنەوەو چارەسەرکردنی.

هۆکارەکانی پیس بوونی ژینگە:.

١. کۆبوونەوەو زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان لە شارەکاندا کە لەوانەیە شەقامە قەرەباڵغەکان و وێستگەکانی هێز و پاکژکردنەوەی ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆکان نەتوانێت بە تەواوەتی کاریان لەسەر بکرێت، ئەمە جگە لەو پاشەڕۆ بەردەوامەی ڕۆژانە لەلایەن دانیشتوانەوە دروست دەبێت .

٢. دوکەڵی ئۆتۆزی سەیارەکان و دوکەڵ کێشی کارگەکان بە تایبەت (کارگەی قیر و چمەنتۆ) کە بەردەوام لە زیاد بوونداید کاریگەرییکی سەرەکی لەسەر پیس بوونی ژینگە هەیە.

٣. دەرچوونی هەڵمی کانزا قورسەکان وەک ڕەساس و ئەلەمنیۆم و هتد..) دەبێتە هۆی پیس بوونی هەوا کە چەند ڕۆژێک ئەو هەڵمی کانزایانە لە هەوادا دەمێنێتەوە ، ڕاستەوخۆ کاریگەری نابێت لە سەر ژیانی مرۆڤ بەڵام لە داهاتوودا دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان تووشی کەم بیری و ووشە بزرکاندن و وەهم ببن.

چەند هۆکارێکی جیاجیای پیسبوونی ژینگ

جۆرەکانی پیس بوونی ژینگە:.

یەکەم : پیس بوونی هەوا/

زۆر کەرەستە و هۆکار هەن کە دەبنە هۆی پیس بوونی هەوا کە گرنگەکانیان ئەمانەن :

• پیس بوونی پە کەرەستە رەقەکان کە لە هەواوادا دەمێننەوە وەک دوکەڵ و ئەگزۆزی سەیاوەو و خۆڵ بارین و تۆزی لۆکە و تۆز و خۆڵی چیمەنتۆ و لەناو بەری مێش و مەگەز.

• پیس بوونی کەرەستە غازیەکان و هەڵمی ژەهراوی وەک کلۆر و یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆزۆن.

• پیس بوون بە هۆی بەکتریاو هاوشێوەکانی و بۆگەن بوون بە هۆی شیی بوونەوەی رووەک و لەشی گیانلەبەرانی مردو و پاشە رۆکانی مرۆڤ

• پیس بوون بە هۆی تیشکدەرەوە ناوەکیەکانی سروشتی و دروستکراو کە هەمومان بیستومانە سەبارەت بە و شێوازەیی بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە کارگە گەردیلەیەکان لە ویلایەتی (بنسیلڤانیا) لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو هەوەها ئەو کارەساتانەی بەسەر (هیرۆشیما و ناکازاکی) دا هات بە هۆی تەقینەوە گەورەکانی شەڕی جیهانی دووەم، هەروەها کیمیا بارانی شاری هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستانی عیراق لە لایەن رژێمی بەعسەوە لە ساڵی ١٩٨٨ ی زایینی و سالەکانی دواتر کە تا ئێستا کاری گەریەکانیان ماوە بەسەر چینی هەوا و خاکەوە .

